دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٧٠١،یەکشەممە ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی،٢١ی مەی ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com


پەیامی پیرۆزبایی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ئازادبوونی محەممەد سدیق کەبوودوەند

٣

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

٢

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات سپاسنامەیەکی ڕوو لە خەڵکی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکان بڵاو کردەوە

٣




کورتە وەڵامێک بۆ ئەو کەسانەی...

٤



ئابووری چەکی دەستی...

٦



وتووێژ لەگەڵ پەرویز ڕەحیم قادر

٨



کورد فاکتەری یەکلاکەرەوە لە ...

٩



## شانۆگەریی کۆتایی هات قەیرانەکان بەردەوامن

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٩ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی، بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و شۆرای شار و گوندەکان لە ئێران، لەپاش دانی کۆمەڵێک وادە و بەڵێنی نێوبەتاڵ و بێ‌بنەما بەڕێوەچوو، و وەک پێشبینی دەکرا, ڕێژیم لە هەموو ئامرازەکان و فرتوفێڵەکان بۆ بەشداری پێکردنی زیاتری خەڵک کەڵکی وەرگرت.

یەکەم سیاسەتی ڕێژیم بۆ گەرم نیشاندانی تەنووری شانۆگەریی هەڵبژاردن بریتی بوو لە یەکخستنی کات‌وساتی هەر دوو هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شۆراکان، تاکوو بەم شێوەیە ئەو کەسانەش کە خوازیاری بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری نین، بە بیانووی دیاری کردنی ئەندامانی شۆرای شار و دێ بەشداری شانۆگەرییەکە بن.

لە قۆناغی دووهەمدا؛ لە هەموو شارەکانی ئێران و بەتایبەت لە کوردستان ڕێگە بە زۆربەی هەرەزۆری بەربژێرەکانی شۆرای شار و دێ درا تاکوو بکەونە نێو یاریی پڕۆپاگەندەکردن و بۆ ئاسانکارییش لەم ڕاستایەدا بەهەرکام لەم بەربژێرە پەسندکراوانەی ڕێژیم وامی ١٠٠ میلیۆن تمەنیی درێژ ماوە و بێ‌سوود و کەم سوودی درابوو، هەتا بتوانن سەرنجی خەڵکێکی زیاتر ڕاکێشن و خەڵکی زیاتر خۆیان کاندید بکەن و خەڵك بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و هەندێك خەڵکیش بە دژی یەکدا دران بۆ ئەوەی ڕێژەی دەنگدەران زیاتر بکەن.

ئەم سیاسەتە چەوتە بەتایبەت لەو ناوچانەی کە دوو نەتەوە یان چەند ئایینزا پێکەوە دەژین بەرچاوتر بوو، تاکوو لە ڕێگەی کەڵکاژۆ وەرگرتن لە هەستە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان خەڵک زیاتر هان بدرێن لەم یارییەدا بەشدار بن.

لە ڕۆژی شانۆگەرییەکەدا و بەپێی دوایین زانیاری و هەواڵەکان، لە هەموو شارەکانی کوردستاندا و تەنانەت لە هەندێک لە گوندەکانیشدا ڕێژیم هێزێکی یەکجار زۆری لیباس شەخسی و بەکرێگیراوی لە ئاستی شارەکاندا بڵاو کردۆتەوە؛ بەتایبەت لەبەردەم سندووقەکاندا.

ئەگەرچی بەپێی ڕاپۆرتە بڕواپێکراوەکان، لە ڕۆژی شانۆگەرییەکەدا، زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەپێچەوانەی ویستی ڕێژیم بەپیری بانگەواز و داواکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتن و بە نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان ئەم شانۆگەرییەیان بایکۆت کرد، بەڵام وەک چاوەڕوان دەکرا ڕێژیم بەشداریی خەڵکی تەنانەت لە کوردستان بە بێ‌وێنە وەسف کرد. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە تەنانەت ئیزنی بە هەواڵدەرییە حکومەتییەکانیش نەدا کە ڕووماڵی بارودۆخی هەڵبژاردن لە شارەکانی کوردستان بکەن. بۆ وێنە بەناو هەواڵنێرانی هەواڵدەرییەکانی کوردپرێس، دەنگی شار، گوڵان، ساکاپرێس و کوشا کە هەموویان سەر بە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمن، لە ڕاگەیەندراوێکدا بە ڕێکەوتی ٢٩ی بانەمەر ئاشکرایان کرد کە بە بڕیاری فەرمانداریی شارەکان ئیزنی وێنەهەڵگرتن و ئامادەکردنی هەواڵ و ڕاپۆرتیان پێ نەدراوە و تەنیا پێیان وتراوە کە دەبێ ئاکامەکان ڕابگەیەنن.

هەر لەمبارەوە "تۆماس ئێردبرینک" هەواڵنێری نیۆیۆرک تایمزی ئامریکا لە تاران ڕایگەیاند: "سندووقەکانی دەنگدان لە باشووری تاران چۆڵ و هۆڵ بوون و لە باقی شوێنەکانی تری تارانیش ڕێژەی بەشداری کردنەکان هێندە بەرچاو نییە".

بەپێی وتەی سندووقدارەکان لە کوردستان، ڕێژەی بەشداربووان بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو یەکجار کەمە و لە زۆرێک لە سندووقەکاندا چۆڵی و سارد و سڕی هەتا شەو کە کۆتایی شانۆگەرییەکە بوو، بیندراوە. تەنانەت هەندێک لە بەربژێرەکان لە سیاسەتی تەماح وەبەرنان کەڵکیان وەرگرتووە و لە بەرانبەر دانی دەنگدا، بڕی ٥٠ هەزار تمەن پارەیان بە خەڵک داوە.

لە لایەکی دیکەشەوە دەرکەوتووە کە؛ لە هەندێک لە ستادەکاندا بەڵگەی ساختە چاپ کراوە بۆ ئەوەی لە قازانجی بەربژێرێکی دیار (ڕۆحانی) دەنگ بدرێت.

لە درێژەی ڕاپۆرتە پێوەندیدارەکاندا هاتووە؛ خەڵکی کوردستان بەبێ گوێدان بە شانۆگەرییەکە ڕوویان لە سەیرانگاکان و دەرەوەی شارەکان کردووە؛ بە وتەی یەکێک لە شایەتحاڵان قەرەباڵغی و شلوقی جاددەکانی دەرەوەی شارەکان بێ‌وێنە بووە و تەنانەت لە حاڵەتە ئاساییەکانیشدا ئەم شلوقییە نەبیندراوە. ئەمەش دوابەدوای تەحریمی بەناو هەڵبژاردنەکان لەلایەن حیزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیم و هەوڵی چالاکانی مەدەنی و سیاسی کوردستان هاتە ئاراوە کە پێشنیارییان کردبوو لەو ڕۆژەدا خەڵک ڕوو لە سەیرانگاکان بکەن و شار چۆڵ بکەن.

بەڵگەیەکی دیکە لەمەر درۆیین بوونی ڕاپۆرتی کۆتایی وەزارەتی نێوخۆی ڕێژیم لەمەڕ بەشداری کردنی زۆرینەی خەڵکی ئێران لە شانۆگەرییەکەدا ئەوەیە کە؛ هەواڵدەریی حکومەتیی تەسنیم ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕایگەیاند کە تەنیا ٢٠ میلیۆن کەس لە کۆی ٥٧ میلیۆن هاووڵاتی دەنگیان داوە، بەڵام تەنیا چەند کاتژمێر دواتر ئەم ڕێژە وەک بڵێی موعجیزە ڕووی دابێت بۆ زیاتر لە ٤٠ میلیۆن بەرز بوویەوە.

هەرچەند کە ئامارەکانی ڕێژیم وەک دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان جێگەی بڕواپێکردن نین، بەڵام سەرباری ئەوەش پاش کۆتایی هاتنی شانۆگەرییەکەی ٢٩ی بانەمەڕ و درکاندنی ئامارە فەرمییەکان لەلایەن وەزارەتی نێوخۆی ڕێژیمەوە، کۆمەڵێک ئاماری سەرنجڕاکێشیش بڵاو کرایەوە؛ بەپێی ڕاپۆرتە پێوەندیدارەکان لانیکەم ١ میلیۆن کەس دەنگی سپییان داوە و زیاتر لە ١٤ میلیۆن کەسیش بەشداری شانۆگەرییەکە نەبوون.

پاش ئەو بێنە و بەرە و پاشاگەردانی و چەواشەکارییانەی کران و ئەو دەرئەنجامەی لێ کەوتەوە، و پاش ئەوەی خەڵک لە ترسی مار پاڵیان بە ئاگرەوە دا، ئێستاش ڕۆحانی دەمێنێتەوە و چوار ساڵی دیکە دەرفەت لەبەردەمی دا[وەکوو لایەنگرانی بانگەشەیان بۆ دەکرد]، بۆ ئەوەی بەڵێن و وادە زۆر و زەوەند و بێ‌بنەما و دوورە دەستەکانی کە خەڵکی پێ چەواشە کردووە، جێبەجێ بکات.

لە کەس شاراوە نیە کە "محەممەد خاتەمی" لە پرۆسەیەکی هاوشێوەدا، پاش هەمان وادە و بەڵێن دان و دانی دەرفەتی دووبارە، لە کۆتایی چوار ساڵی دووهەمدا گوتی: "من تەدارۆکاتچی بووم".

بە دڵنیاییەوە و بە پێی ئەزموونە یەک لەدوای یەکەکانی سەرکۆمارەکانی پێشووتریش، دواجار ڕۆحانییش هەر نازناوی "تەدارۆکاتچی" پێ‌دەبڕێت و دەستی ئەو خەڵکەش وا کیسەیان بۆ هەڵدووریبوو، لە هەمبانەی بەتاڵی "ئاغا" وەردەدرێ.

پەیڤ

## ژێستی سیاسی و خەباتکاری

کەریم پەرویزی

خەبات و هەڵوێست گرتن بە دژی سیستمێکی پاوانخواز و چەواشەکاری وەک کۆماری ئیسلامی کە پڕاوپڕە لە فێڵ و تەڵەکە و هێزی دژەمرۆیی بۆ بەلاڕێدا بردن و بەچۆکداهێنانی ئیرادەی شۆڕشگێڕانە، خەباتێکی دژوار و ئەستەمە و چەندە لە بواری فیزیکی و بەرتەسک بوونی ئیمکاناتی ماددیی شۆڕشدا دژوار و بەرتەسکە، چەندین بەرابەری ئەوە لە بواری هزر و بڕواوە، خەباتێکی پڕ تەنگ و چەڵەمەیە و خەباتکارانی ڕێگا دەبێ بەردەوام وشیاری بۆسە و تەڵەکانی ڕێژیم بن.

خەباتکردن دژی سیستمێک کە هەموو ئیمکاناتی سیاسی و نیزامیی وڵاتی پاوان کردووە و لە هیچ تاوانێک بە دژی دژبەرانی ناسڵەمێتەوە، خەباتێکی قورس دەبێ. بەڵام لەوە قورستر ئەو کاتەیە کە ڕێژیمێک هەموو ئیمکاناتی هزری و پڕوپاگەندەییش وەگەڕبخا تاکوو داسەپاویی خۆی لە بواری نیزامی و دەسەڵاتی داپلۆسێنەرەوە وەها نیشان بدا کە ئەم دەسەڵاتە، دەسەڵاتێکە کە بەسەر هزر و باوەڕی مرۆڤەکانیشدا حکوومەت دەکا و کۆمەڵگای بەچۆکدا هێناوە و دەسەڵاتەکەی هەتا هەتاییە!

ئەم شێوازە لە دەسەڵاتداری و سیستمی سەرەڕۆ، هەوڵ دەدا کە تاک و گرووپە خەباتکارەکان تووشی بێهیوایی بکا و لە بڕوا و باوەڕیاندا وا تەسلیمی ڕێژیم ببن کە پێیان وابێ، جگە لە کایەکردن لە چوارچێوەی پێوەرەکانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهیدا هیچ دەرەتانێکی دیکە بۆ کاری سیاسی و خەبات بوونی نیە.

هەر وەک لە هیندووستانی ژێر دەسەڵاتی بریتانیادا دەیانگوت، تەنیا لە بەر هەتاوی هەڵهاتوو و ئاوابوو لە دەسەڵاتی مەلەکەی بریتانیادا دەکرێ نان پەیدا بکەن، یان لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پۆلیتاریای یەکیەتیی سۆڤیەتیدا باو بوو کە هەر چی بکەین، دەبێ بە ئاگاداری براگەورە واتا ڕێبەری سۆڤیەت بکرێ، لە کۆماری ئیسلامییشدا خەریکن ئەو کولتووورە باو بکەن کە تەنیا ڕێگای سیاسەت و خەبات لە چوارچێوەی سیستمێکدایە کە وەلیی فەقیه ئیزنی لەسەر دابێ.

لەو سیستمەدا کە دەیەوێ ئیرادەی شۆڕشگێڕی بەچۆکدا بێنێ، لە هەوراز و نشێوەکانی شۆڕش و خەباتدا، زۆرجار پەیدا دەبن ئەو خەباتکارانەی کە لە هەوراز و پێچە دژوارەکاندا ماندوو دەبن و باوەڕیان بە خەبات بەچۆکدا دێ. تا ئەم خاڵە شتێکی نامۆ نیە و لە هەموو شوێنێک مرۆڤەکان تواناکانیان سنووردارە و لە بڕگەیەک

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی هاوبەشی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و حیزبی دێموکرات لە سەر پرسی هەڵبژاردنەکان

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکرات لە سەر پرسی هەڵبژاردنەکان ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان ڕوو لە خەڵکی کوردستان و ڕێکخستنە نهێنییەکانیان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

ڕاگەیاندنی هاوبەشی ڕێکخستنە نهێنیەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و حیزبی دێموکرات لە سەر پرسی هەڵبژاردن

هاونیشتمانانی بەڕێز!

ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و دێموکرات!

چالاکانی سیاسی و مەدەنی!

ڕۆژی ٧ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی، هەروەك ئاگادارن شەش حیزبی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێکەوە لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا داوایان لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرد کە بەشداری لە شانۆگەریی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و شۆرای شار و دێهاتەکانی کوردستاندا نەکەن. بە درێژایی ٣٩ ساڵ حاکمیەتی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، هەموو بنەماکانی هەڵبژاردنی ئازادی خستووەتە ژێر پرسیار و تەنیا مەبەستی لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن فریودانی خەڵکی ئێران و جیهانی دەرەوەیە.

لەم ڕۆژانەشدا میدیاکان، بەربژێرەکانی سەرۆک کۆماری و کاربەدەستانی دیکە سەرقاڵی هاندان و ڕووماڵکردنی پرۆسەی شانۆی بەناو هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارین لە ئێران و کوردستان.

لە وڵاتانی دێموکرات و ئازاددا هەڵبژاردن وەک یەکێک لە کۆڵەکە و بنەماکانی دێموکراسی دەژمێردرێ و تاك ئازادە و لە ڕێگای دەنگەکەیەوە گۆڕانکاری لە دەسەڵات و ژیانی خۆی و هاوشێوەکانی دەکا بەڵام، لە ئێران هەڵبژاردن بە تەواوەتی بۆ خزمەت بە نیزامی سیاسی داپلۆسێنەر کەڵکی لێ وەردەگیرێ. هەمووان لە مەبەست و ویستەکانی ڕێژیم لە بەناو هەڵبژاردنانە نزیک بە چوار دەیەی حاکمییەت تێگەیشتووین و پێویست بە ئاوڕدانەوەیەکی ورد ناکات.

لە هەموو پرۆسەکانی بەناو هەڵبژاردن، بەدانی بەڵێنی درۆ و دوور لە ڕاستی و بێ کردەوە، هەوڵییان ئەوە بووە کە بگەنە دەسەڵات و بەجێگای خزمەت کردن بە دانیشتوانی ئێران و کوردستان، پەرەیان بە گەندەڵی، ڕانتخۆری، پڕکردنی گیرفانی خۆیان و پۆشتە کردنی دام ودەزگا سەرکوتگەرەکانیان بوون ،بۆ کپ کردنی هەموو دەنگێکی ناڕازی لە ئێران وکوردستان بە تایبەتی.

هەموو ئەو قەیران و نەهامەتیانە وەکوو بێکاری، هەژاری، گەندەڵی، نەبوونی ئازادی و دێموکراسی کە شۆڕشی ٥٧ی گەلانی ئێرانی لێ کەوتەوە، دیارە نەک هەرکەم نەبووەتەوە بەڵکوو چەند قات زیاتر بووە، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو تووشبوون بە مادەی هۆشبەر، لەشفرۆشی و پەرەسەندنی دەیان بەڵای کۆمەڵایەتی تان و پۆی کۆمەڵگای تەنییوە.

لەماوەی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی دا ئاستی گوزەران، گەشە سەندنی ئابووری و سیاسی، هیوا بە داهاتوو تا هاتووە خراپتر بووە.

ئەمەیش بەرهەمی سیستمی سیاسی و ئابووریی سەقەتی کۆماری ئیسلامییە کە ڕێبەران و بەرپرسانی بەرپرسیارن لەم بارودۆخە.

دۆخی مامۆستایان، خوێندکاران، ژنان و مافە نەتەوەییەکان، ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان قەیراناوی و مەجالی ڕێکخستنی هەرچەشنە میتینگ و خۆپیشاندانی هێمنانەیان لێ زەوت کراوە، هەوڵ بۆ هێنانە گۆڕێ داواکارییەکانیان بە ناوی دژایەتی لەگەڵ حاکمیەتی نیزام و حکوومەتی خودا تووشی سەرکوت، زیندان و ئەشکەنجە دەکرێنەوە.

بە بوونی لەمپەرە یاساییەکانی وەك دەسەڵاتی ڕەهای خامنەیی، شۆرای نیگابان، نزارەتی ئیستیسوابی، بەڕێوە بردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیك بێ مانایە و بەشێوەیەکی ئامانجدار ئەو مافەیان لە خەڵکی ئێران و کوردستان بەتایبەتی زەوت کردووە.

بەم کارنامە ڕەش و باکگراوندە مێژوویی و سیاسییەی کە ڕێژیم بۆخۆی تۆماری کردووە نابێت هیچ چەشنە هیوایەك بە گۆڕان و دیسکۆرسی ئیسلاحخوازی نێو ڕێژیم هەبێت و نابێت خەڵکی هیوایەکیان پێی بێت.

بۆیە ئێمە بە ئەرکی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و دێموکرات، چالاکانی سیاسی و مەدەنی، هەروەها کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان دەزانین لە پێناو وریا کردنەوەی خەڵك بۆ بەشداری نەکردن لە پرۆسەی بەناو هەڵبژاردندا دەور و کاریگەریی خۆیان بنوێنن. گرینگە خەڵکی کوردستان ڕۆژی ٢٩ی بانەمەڕ یا لە ماڵ بمێننەوە یا لە بریی ڕۆیشتن بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان ڕوو لە دەرەوەی شار بکەن بۆ گەشت و سەیران و تێکەڵ بە سروشتی جوانی کوردستان بن.

بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی زاگرۆس و کۆمیسیۆنی تەشکیلات

١٣/٥/٢٠١٧

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پیوەندی لەگەڵ کۆچی دوایی ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

بەداخ و پەژارەوە کاک نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان و تێکۆشەری گۆڕەپانی بزاڤی ڕزگاریخوازی لە باشووری کوردستان کاتژمێر ٨ی سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هەینی ١٩ی مای ٢٠١٧ی زایینی بەرانبەر بە ٢٩ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی پاش چەند ساڵ نەخۆشی لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

کاک نەوشیروان مستەفا ساڵی ١٩٤٤ی زایینی لە شاری سلێمانی لەدایک بوو و خوێندنی لەو شارە درێژەدا و ساڵی ١٩٦٧ کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی لە زانکۆی بەغدا تەواو کرد. لە سەرەتای دەیەی حەفتادا چووە وڵاتی ئۆتریش و لە بواری یاسادا درێژەی بە خوێندن دا و لە پەنا ئەوەشدا و لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٦٠ دا، لە ڕیزی یەکیەتی قوتابیان تێکۆشانی دەست پێکرد و دواتر بوو بە ئەندامی لقی سلێمانیی پارتی دێموکراتی کوردستان و پاش ئەوەش وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان درێژەی بە خەبات دا و لە کاتێکدا کە جێگری سکرتێری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بوو لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی جیابوونەوەی لە یەکیەتی ڕاگەیاند و بزووتنەوەی گۆڕانی بونیاد نا.

ناوبراو خاوەن چەند بەرهەمی گرینگی سیاسی و مێژوویییە، کاک نەشیروان مستەفا بە تایبەت لە ساڵەکانی ٨٠ی زایینیدا نزیکایەتی تەواوی لەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەت ڕێبەرانی نەمر دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیدا هەبوو.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان، وێڕای دەربڕینی پەژارەی خۆی سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی، دوست و ئاشنایان و هەڤاڵ و هاوڕێکانی لە بزووتنەوەی گۆڕان دەکا و خۆی لە خەمی لە دەستچوونی کاک نەوشیرواندا بە شەریک و بەشدار دەزانێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

٢٩/٢/١٣٩٦ی هەتاوی

١٩/٥/٢٠١٧ی زایینی

# ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵبژاردنەکانی ئێرانیان بایکۆت کرد

ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتوو لە پێنج ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵات هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بایکۆت کرد.

ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە پێنج ڕێکخراوی ژنی کوردی ڕۆژهەڵات پێکهاتووە بە دروستکردنی کەمپەینێک لەژێر ناوی "لە پێناو ژنانی وڵاتەکەمدا شار چۆڵ دەکەم" هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بایکۆت کرد.

ئەو کەمپەینە ڕێکەوتی ١٦ی بانەمەڕ، لە پارکی "سامی عەبدولڕەحمان" لە بەردەم پەیکەری "مەستوورە ئەردەڵان" وەک هێمای "خۆڕاگری"ـی ژنی کورد، لە پرێس کۆنفرانسێکدا دەستبەکاربوونی خۆی ڕاگەیاند.

لەو پرێس کۆنفرانسەدا پەیامی ڕاگەیاندنی کەمپەینەکە لە لایەن "فاتمە عوسمانی" و پەیامی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن "سۆهەیلا قادری"یەوە خوێندرایەوە.

ئەو کەمپەینە داوا لە خەڵکی کوردستان و بە تایبەت ژنانی ڕۆژهەڵات دەکات کە لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە نیشانەی نارەزایەتی شار چۆڵ بکەن.

دەقی ڕاگەیەندراوی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات لەم بارەوە:

هاونیشتمانیانی خۆڕاگر، ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

لەم ڕۆژانەدا کۆمەڵگا و بەتایبەتی ژنانی کوردستان بەرەوڕووی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری و شۆرای شار و گوندکانن. لەم پەیوەندییەدا پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە هاودەنگییەکدا لە سەر بایکۆتکردنی ئەم هەڵبژاردنانە ڕێککەوتن. ئەم ڕێکەوتنە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کە کۆی سیاسەت و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی پیشانی داوە کە کۆمەڵگای کوردستان هیچ ڕێگەیەکی بۆ نەماوە بێجگە لەوەی کە خۆی بۆ بەرەنگاری و ڕابوون بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی ئامادە بکات.

دیارە بایکۆت کردن ڕەفتارێکی شیاوە و هەڵگری ئەو مانایەیە کە ئێمەی کورد کۆی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی بە دژ و نەیاری ویستەکانی خۆمان دەزانین، بەتایبەت کە ئیتر مانایەک نەماوە لەم هەڵبژاردنانەدا تاکوو واتاداری بکات.

جیا لە پارتە سیاسی و کەس و لایانە جیاوازەکانی کوردستان، بابەتی هەڵبژاردن بابەتی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشە. لەو بوارەوە کە ئاخۆ ئەم هەڵبژاردنە هەڵگر یان واتادارە بۆ ژنان؟ لێرەوەیە کە خوێندنەوە و ڕۆڵی ژنانی ڕۆژهەڵات دەتوانێ مانادار بێ.

ئەوەی لەم کاتەدا ئێمە وەک ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم هەڵبژاردنانە دەگەین ئەوەیە کە؛ ئەم بەناو هەڵبژاردنانە ئەگەر بۆ بەشێک لە ئەقلییەتی پیاوسالارانە کە دەرهاویشتەی کۆماری ئیسلامییە مانای هەبێ، بەدڵنیاییەوە ناتوانێ بۆ ئێمەی ژنان واتادار بێ. ئەم بێ واتاییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەر لە هەموو شتێک یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لە بنەڕەتدا ژنان لە بەڕێوەبەری وڵات بێبەری دەکات و بە بێ سلکردنەوە، ژنانی وەک هاوڵاتیانی پلە دوو و سێ هەژمار دەکات. پێدەچێ هێندێ کەس هەڵبژاردنی شۆراکان وەک نمونە بێننەوە کە ژنان مافی خۆپاڵاوتنیان هەیە و دەتوانن ڕۆڵ بگێڕن لە بەڕێوەبردنی شار و گوندەکاندا.

بەڵام ئەمە ڕێک ئەو شوێنەیە کە کۆی ئەقلی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا دەکات. ئەو شوێنەی کە کۆماری ئیسلامی ژن بە شایانی سەروەری نازانێ و لەم سونگەوەیە کە پلەی تواناکانی دێنێتە ئاستێکی بچووک تاکو پێمان بڵێ کە ژن ناتوانێ سەروەر و سەردار بێ. بەڵکوو تەنیا دەتوانێ لە خوارەوەی ئەقلییەتی پیاوسالارانەی کۆماری ئیسلامی لە پەراوێزەکاندا خەریک بێت، ئەویش بەدەیان مەرجەوە.

بە لەرچاوگرتنی ڕاستییە حاشا هەڵنەگرەکان، ژنانی ڕۆژهەڵات دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە کە ئایا ئامادەن بەشداری ئەم سووکایەتی و کۆیلەبوونە بن یان دەیانهەوێ توانا و هێزی خۆیان بەرانبەر بەم ئەقلییەتە پیشان بدەن. ئایا ژنانی ڕۆژهەڵات دەبنە بەشێک لەوەی بۆ چەندین دەیەیە ڕێگای چەوسانەوەی ژنان پەیڕەو دەکات! یان بەرەنگاری دەبنەوە و هێز و توانای خۆیان پیشان دەدەن؟

لەم ڕوانگەوە ئێمەی ژنانی ڕۆژهەڵات جیا لەوەی کە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەقلییەتە ژن کوژەکەی بایکۆت دەکەین، لەهەمانکاتدا بەتەمای ئەوەین کە ئەم بایکۆتکردنە شێوەی چالاک بە خۆیەوە بگرێت و لەم بوارەدا ژنانی ڕۆژهەڵات هاوشان لەگەڵ ڕۆڵەکانی نیشتمان، هەڵبژاردن بکەن بە گۆڕەپانێک کە هەم هێز و ئیرادەی ژنانی ڕۆژهەڵات پیشان بدات و هەمیش یەکگرتوویی و یەک دەنگیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بەرجەستە بکاتەوە.

لەم پەیوەندییەدا ژنانی ڕۆژهەڵات هاوکاریی ئەو توانایەیان دەبێ کە بە " نا " گوتن بە هەڵبژاردنە درۆین و سیستەمە ژن کوژەکەی کۆماری ئیسلامی، دەیانهەوێ ڕیزەکانی کۆمەڵگای کوردی پتەوتر بکەن و هەموومان پێکەوە چالاکانە ئەم هەڵبژاردنانە بایکۆت بکەین.

ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ڕێکخراوانە پێکهاتوە :

- یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- ڕێکخراوی ئافرەتانی خەبات
- کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات
- یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
- ئاسۆی ژنی کورد

# شانۆی هەڵبژاردنەکان بە چالاکیی تەبلیغی بایکۆت کرا

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران بە مەبەستی بایکۆت کردنی شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

## سەقز

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری سەقز بۆ بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکان، ئەو شوێنانەی کە ڕێژیمی ئێران پێشتر بۆ پڕۆپاگەندای هەڵبژاردنەکان کەڵکی لێوەر دەگرت، لە لایەن تیمی تەشکیلاتیی شاری سەقزەوە بە تەواوەتی ئاگری تێبەر درا.

ئەو هەڵوێستە بوێرانەی قارەمانانی دێموکرات بوو بە هۆی ڕق و توورەیی هێزەکانی ڕێژیم و میلیتاریزەکردنی شار.

## شنۆ

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری شنۆ بەمەبەستی پشتگیری لە بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکان، لە "ڕێگای شنۆ- نەغەدە، ڕێگای ئاڵیاوێ بۆ گورگاوێ و هەروەها ئاڵیاوێ بۆ نەڵیوان و هەروەها نێو گوندی ئاڵیاوێ، تراکتی تایبەت بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان بڵاو کردۆتەوە و دروشمیان لەو پێوەندییەدا نووسیوەتەوە.

لە شوێنەکانی بەرچاوی ئەو گوندە وەک "نانەوایی، مەدرەسە، مزگەوت و تەوای ماڵەکان، دانە بە دانە تراکتی تایبەت بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لێ بڵاو کراوەتەوە.

لەو چالاکیانەدا زیاتر لە ١٥٠٠ تراکتی بایکۆتی هەڵبژاردن بڵاو کراوەتەوە.

هەر لەو پێوەندییەدا "گوڵستانی" بەرپرسی بەسیجی عەشایری پارێزگای ورمێ لەگەڵ "حاجی مێهران نێعمەتی" سەرۆکی عەشایری ناوچەی دەشتەبێڵ دانیشتنیان هەبووە.

لەو دانیشتنەدا ئەو دوو بەکرێگیراوەی ڕێژیم لە سەر بابەتەکانی، درێژەدان بە ئەمنیەتی سەقامگیری خەڵک لە سەر بنەمای قسەکانی خامنەیی، هاندانی هەموو عەشایرەکانی دەشتەبێڵ لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکان بۆ دەنگدان، ڕوونکردنەوە بۆ عەشایری ناوچەکە بە مەبەستی هەڵبژاردنی کاندیدی باوەڕپێکراوی خۆیان.

ڕۆڵە قارەمانەکانی دێموکرات لە شاری شنۆ بە مەبەستی بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنەکان لە گەڕەکەکانی "شەهرەکی یاسا، گەڕەکی سەیدئاوا، گەڕەکی حەنەفیان، ڕەحیم ئاباد، مزگەوتی جامیعەی گەڕەکی سەیدئاوا، گەڕەکی حەسەن ئاباد، گەڕەکی مەجیدیان و قەبری شەهیدان" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و شانۆی هەڵبژاردنەکانیان بایکۆت کرد.

هەروەها چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە گوندەکانی "کێلە چەرموو، شیان، مێراو، تەنگیسەر و هەمرۆڵە" لە پەیامی ویدیۆیی جۆراجۆردا هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان بایکۆت کردووە و دوایان لە خەڵک کردووە کە دەنگ بە ستەم و زوڵم نەدەن.

## پیرانشار

قارەمانانی دێموکرات لە شاری پیرانشار بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٢ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی، لە شوێنەکانی وەک "زەرگەتەن، فەلەکەی مامۆستا هەژار، دەوروبەری فەلەکەی کشاوەرز، مەدرەسەی کارودانش — شەقامی مەلا دۆنەخۆر و شەقامی کاسەکەران" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

# هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بەشداری لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی نەوشیروان مستەفادا کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "حەسەن شەرەفی" جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی "نەوشیراون مستەفا" ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕاندا کرد.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣٠ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی، کاتژمێر ١٠:٠٠ی سەر لە بەیانی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "حەسەن شەرەفی" جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە شاری سلێمانی لە "گردی زەرگەتە" لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی "نەوشیراون مستەفا" ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان بەشداری کرد.

هەیئەتی حیزبی دێموکرات پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە مزگەوتی "ئەحمەد حاجی عەلی"، لە یەکەم ڕۆژی پرسەی ناوبراو لە شاری سلێمانی، بەشداریان لە پرسەی خوالێخۆشبوودا کرد و پرسە و سەرەخۆشیی حیزبیان بە بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان و بنەماڵەی کاک نەوشیروان ڕاگەیاند.

و نەوشیروان مستەفا لە تەمەنی ٧٣ساڵی پاش ململانێی لەگەڵ نەخۆشییەکی سەخت کۆچی دوایی کرد و هەر هەمان ڕۆژ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و ڕێزی لە خەبات و تێکۆشانی بەڕێزیان گرت.

# سپاسنامەی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات ڕوو لە خەڵکی کوردستان

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەمەڕ بایکۆت کردنی شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە، سپاسنامەیەکی ئاراستەی خەڵکی کوردستان کرد.

دەقی سپاسنامەکە:
خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ئێوەی خەباتکار و تێکۆشەری ڕێگای ئازادی، بە پێداگری لەسەر مافە ڕەواکانتان و شێلگیریتان لە خەباتی بەردەوام بۆ ڕزگاریی گەل و نیشتمانەکەتان، لە ڕاستای هاودەنگیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەدا بۆ بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنی ڕێژیم، سەلماندتان کە نە ئاستەنگ و بەربەستەکان و نە هەڕەشە و گوشاری نیزامی و ئیداریی ڕێژیمی پاشکەوتنخواز و دژی ئازادیی کۆماری ئیسلامی ناتوانن لە تێکۆشان و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانتان دابڕن.
دڵنیاین کە تا کۆتایی تەمەنی بەرەولێژی دەسەڵاتی نگریسی ڕێژیمی تاران لە کوردستان، هەروا بە خۆڕاگریی شۆڕشگێرانە و گوڕوتینی ڕوو لە گەشەوە، هەنگاوەکانتان خێراتردەکەن.
سەرکەوتنمان لە دەربڕینی دەنگی "نا" بە "تەواوەتی" کۆماری ئیسلامی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە هیچ پیلانێکی ڕێژیمی خۆسەپێن و داگیرکەری کۆماری ئیسلامی ناتوانێ ئیرادەی نەتەوەییمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی زۆڵم و زۆرداری لاواز بکات.
بەم هۆیەوە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران سپاس و پێزانینی خۆی بەرانبەر هەموو هەوڵ و چالاکییەکانتان دەردەبڕێ.

دەنگی ڕاسانتان بەرزتر بێ و خەباتی یەکگرتوانەمان تاسەرکەوتن بەردەوام .

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیسیۆنی تەشکیلات
٣٠بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی

# پیرۆزبایی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب بە بۆنەی ئازادبوونی محەممەد سدیق کەبوودوەند

تەواوکردنی سەربەرزانەی ماوەی حوکمی ناعادڵانە و داسەپاوی ١٠ ساڵ زیندانی کردنی دامەزرێنەر و تێکۆشەری ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان کاک محەممەد سدیق کەبوودوەند لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە و گەڕانەوەی بۆ نێو کۆڕی بنەماڵە و خۆشەویستانی، هەڵگری چەندین مانای گرینگن کە بۆ لێ فێربوون دەبن:
١. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، بێجگە لەوەی کاک محەممەد سدیق لە زیندانە بەدناوەکانی ڕێژیمدا بوو، کە ئەوە بۆ خۆی ئەشکەنجەیەکی بەردەوامە، بە شێوەی جۆراوجۆری دیکەش کە ڕێژیم تێیاندا پسپۆڕی هەیە، لەژێر ئەشکەنجەی ڕووحیدا بوو، بۆ ئەوەی لە بیروباوەڕی خۆی کە لەسەری زیندانی کرا بوو پاشگەز بێتەوە و پەشیمانیی خۆی دەرببڕێ و لە بەرانبەر ڕێژیمدا بەچۆکدا بێ. بەڵام کاک محەممەد سدیق کەبوودوەند نەک هەر سوور بوو لە سەر بیروباوەڕی خۆی، بەڵکوو زیندانیشی کردبوو بە سەنگەرێکی خەباتی مەدەنی بە دژی ڕێژیمی ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامی.
٢. خۆڕاگریی محەممەد سدیق بۆ جارێکی دیکەش ئەو پەیامەی بە کۆماری ئیسلامی دا کە ناتوانێ بە زیندان و ئێعدام کردن، کێشەی نەتەوە مافخوراوەکانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد چارەسەر بکا و خەڵک چاوترسێن بکا بۆ ئەوەی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان خەبات نەکەن.
ئێمە ڕێز دەگرین لە خۆڕاگریی تێکۆشەر محەممەد سدیق کەبوودوەند، خەباتکاری بواری مافی کورد کە بە سەربەرزییەوە ماوەی زیندانییەکەی تێپەڕ کرد و، لە زیندانیشدا دەنگی بەرزی مافخوازی گەلەکەمان بوو.
بەم بۆنەوە پیرۆزبایی گەرم لە بەڕێزیان، ئەندامانی بنەماڵەکەی و هەموو زیندانیانی سیاسی و بە گشتی هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای خەباتی نەتەوەکەمان دەکەین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
٢٣ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی
١٣ی مای ٢٠١٧ی زایینی

# ئەلێکساندێر دووگین باس لە فرەجەمسەریی جیهانیی دەکا

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو کۆڕێکی بۆ ئەلێکساندر دووگین، ڕاوێژکاری کرێملین بەڕێوە برد کە تێیدا ناوبراو تیۆریی خۆی سەبارەت بە ژێئۆپۆلیتیک و بەتایبەت ژێئۆپۆلیتیکی ناوچەی ئۆوراسیای شی کردەوە.
ڕۆژی پێنجشەممە ٢٨ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، کۆڕێکی بۆ ئەلێکساندێر دووگین، ڕاوێژکاری کرێملین و دۆستی پووتین بەڕێوە برد و لەو کۆڕەدا ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیی سیاسی و ئاکادێمیک بەشدار بوون.
لەم کۆڕەدا دووگین، تیۆرییەکانی خۆی سەبارەت بە ژێئۆپۆلیتیک و چەمکەکانی گەل و خەڵک و جیهانی فرەجەمسەری باس کرد.
هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی "حەسەن شەرەفی" جێگری سکرتێری گشتی حیزب بەشداری ئەم کۆڕە بوون.
ئەلێکساندر دووگین، ڕاوێژکاری کرێملینە و خاوەنی زیاتر لە ٣٠ کتێب لە بواری سیاسی و ژێئۆپۆلیتیکدایە و تیۆریی تایبەتی ژێئۆپۆلیتیک لە ژێرناوی یووراسایای هەیە.
ناوبراو باسی لەوە کردووە کە؛ جیهان بە شێوەی تاک جەمسەری یان دوو جەمسەری بەڕێوە ناچێ و دەبێ فرە جەمسەری بێ. هەروەها لە تیۆریی ئەودا گەل و خەڵک دوو چەمکی بنەمایین کە تیۆریی جیاوازیان لێ دەکەوێتەوە.
جێگای ئاماژەیە کە هەیئەتی حیزب بە چەند پرسیارێک سەبارەت بە دۆخی ناوچە و هەڵوێستی سیاسیی ڕووسیە و نەگونجانی سیاسەتەکانی ڕووسیە لەگەڵ دێموکراسی و مافی گەلاندا، لەو کۆڕەدا بەشدار بوون.

# بەشداری شاندێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێورەسمی کردنەوەی کۆنگرەی ١٥ی کۆمەڵەی شۆڕشگێردا

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشداریی لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی ١٥ ی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا کرد.
دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی بانەمەڕ شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی "تەیمور مستەفایی" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی ١٥هەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا کرد.
ئەم کۆنگرەیە بە دروشمی "بەرەو یەکگرتوویی کوردستانی ڕۆژهەڵات" و پاش جێبەجێ کردنی بڕگە جیاوازەکانی ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرە، بەفەرمی دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.
شاندی حیزبی دێموکرات جگە لە ناردنی پەیامی تایبەت بەم بۆنەوە، پیرۆزباییان لە هاوڕێیانی کۆمەڵە کرد.

# چالاکیی تەبلیغی بۆ پشتیوانی لە ڕاسان لە کرماشان بەڕێوەچوو

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بۆ پشتیوانی لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات چالاکیی بەرینی تەبلیغییان لە شاری کرماشان بەڕێوەبرد.
قارەمانانی دێموکرات لە شاری "قەڵای بەهادۆری"، سەر بە پارێزگای کرماشان، بۆ بەرز نرخاندنی وەرزی نوێی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گرێدانی خەباتی شاخ و شار، بە شێوەیەکی بەرین چالاکیی تەبلیغییان لەو شارە بەڕێوە برد.
ڕۆڵە چاونەترسەکانی دێموکرات سەرەڕای گوشار و چاوەدێرییەکانی ڕێژیمی پەت و سێدارە، دروشمی وەک "بژی ڕاسان، بژی حیزبی دێموکرات و بژی ڕاسانی شار و شاخ"ـیان لە کوچە و کۆڵانەکانی ئەو شارە نووسیوەتەوە.
تێکۆشەرانی دێموکرات لە شار و گوندەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەردەوام چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە دەبەن و پشتیوانی لە خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات دەکەن.
ژمارەیەک لە ئەندامان و لایەنگەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە سەروبەندی بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و شووڕای شارو دێ، لە شاری پاوە و گوندی دووریسان چالاکی تەبلیغاتیان بۆ پشتیوانی کردن لە ڕاسان و بایکۆتی هەڵبژاردن بەڕێوە برد.
تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری پاوە بە مەبەستی پشتیوانی لە ڕاسان و بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ئێران، لەو شارە دەستیان کرد بە چالاکی تەبلیغی و بە نووسینی دروشم لە سەر دیوار و کۆڵانەکانی ئەو شارە جارێکی دیکە وەفاداریی خۆیان بۆ ڕێبازی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی.
لەلایەکی دیکەشەوە تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری شنۆ و لە گوندەکانی خالتاوە، قوروشاوە، نرزێوە و پرداوە چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی کوردستان نوێ کردەوە.
بەپێی هەواڵەکان ڕێبوارانی ڕێبازی شەهیدان لە گوندەکانی خەلیفان، دشت قورە، کانی بداغ، کانی مەلا، پەسوێ، گەرگولی سەرێ و خوارێ و هەروەها لە گوندی وەزنێی نەغەدە چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

## مستەفا هیجری:
# وادەکانی ڕێژیم تەنیا بۆ دەنگوەرگرتنە

مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ڕایگەیاند؛ وادەکانی ڕێژیم تەنیا بۆ دەنگوەرگرتنە.
ناوەندی لێکۆڵینەوەی کاناڵی "ڕووداو" دیبەیتێکی بۆ ٦ لایەنی ڕۆژهەڵات لە سەر بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی ئێران پێک هێنا و هۆکارەکانی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لە لایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە تاوتوێ کران.
بەپێی ئامارەکان لە یەکەمین هەڵبژاردنی ڕێژیمی ئێران کە خەڵک بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆی دەنگی دا، ڕێژەی بەشداریی خەڵکی کوردستان ١٢ لە سەد بووە.
دوای پاشەکشەی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان، ڕێژەی بەشداری دەبێتە ٤٠ لە سەد و لە خولی سێهەمدا زیاتر دەبێت و لە سەردەمی ڕەفسەنجانیدا گەیشتە ٥٨ لە سەد.
لە دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی بە هۆی کاریگەریی گوتاری ئۆپۆزیسیۆن ڕێژەی دەنگدان کەم دەبێتەوە.
دواتر لە سەدا ٧٤ ی خەڵک دەنگیان بە خاتەمی دا و ئەوەش بەهۆی گوتاری ئیسلاح تەڵەبی لە لایەن خاتەمییەوە بوو.
دوای بێهیوایی لە بەرەی ئیسلاح تەڵەبی، هاووڵاتیانی کوردستان ٢٤ لە سەد دەنگ دەدەن.
دوو گوتار کاریگەریی لە سەر دابەزینی دەنگەکان لە کوردستاندا هەبووە؛ گوتاری "ئۆپۆزیسیۆن و ئیسلاح تەڵەبی".
مستەفا هیجری لە بەشێکی قسەکانیدا باسی لەوە کردووە کە؛ خەڵک دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێراندا هیچ هیوایەکان بە وادە و بەڵێنییەکانی کاتی هەڵبژاردنەکان نەما و بۆیان دەرکەوت کە ڕێژیم تەنیا بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان دروشم دەدات.
هیجری باسی لەوەش کرد کە؛ لەم خولەی هەڵبژاردنەکاندا واتە خولی دوازدەهەم، خەڵک بەو قەناعەتە گەیشتووە کە وادەکانی ڕێژیم نێوبەتاڵە و لەگەڵ ئەوەشدا، لە بنەڕەتدا ڕێژیم باوەڕی بە فرەچەشنی نیە و خەڵکی کورد بە هاووڵاتیی دەرجە ٢ ئەژمار دەکرێن.
سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی لەوە کرد کە؛ خودی ڕێبەری ویلایەتی فەقیه بۆ خەڵک دیاری دەکات خەڵک دەنگ بە چ کاندیدێک بدەن و تەنانەت ڕێژیم دیاری دەکات خەڵک چی بخۆن و چی لەبەر بکەن.
مستەفا هیجری هەروەها باسی لەوە کرد کە؛ ڕێژیم سێ مانگ لەمەوبەر دیاریی کردووە کاندیدەکان باسی چی بکەن، و لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە دەنگی خەڵک بێبەهایە و خەڵک شایستەی ئەوە نین سیاسەت بۆ ڕێژیم دیاری بکەن.

# حدکا: هەڵبژاردن هیچ گۆڕانێک لەنێو سیستمی ڕێژیمی ئێراندا بەرهەم ناهێنێت

"حەسەن شەرەفی" وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وتووێژێکدا باسی لەوە کردووە کە؛ هەڵبژاردن لەنێو سیستمی ئێراندا پێچەوانەی پێوەرە دێموکراتیکەکانە و باسکردنی پرسی نەتەوەکان پێگە و پێکهاتەی ڕێژیمی ئێران دەخاتە مەترسییەوە.
حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێر و گوتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وتووێژ لەگەڵ ماڵپەڕی "باسنیوز"دا، لەبارەی نێوەرۆک و جەوهەری هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ڕێژیمی ئێران لەم خولەی هەڵبژاردنەکاندا لەگەڵ خولەکانی دیکە، باسی لەوە کردووە کە؛ "ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر هەڵبژاردنەکان لە کۆماری ئیسلامی، لە هەموو خولەکاندا بەپێی سیاسەت و نێوەرۆکی ئەو ڕێژیمە، هەڵبژاردن لەو وڵاتە لەگەڵ چەمک و واتای هەڵبژاردنی ڕاستەقینە و دێموکراتیک یەکجار دوورە و دەکرێ بڵێین لە پارادۆکسدایە. ئەم خولەش و لە خولەکانی دیکەشدا نێوەرۆکی نایاسایی و نادێموکراتیک بە هەڵبژاردنەکانەوە دیارە و لە ئەنجامدا هیچ ئاکامێکی دروستی لێ ناکەوێتەوە".
شەرەفی هەروەها باسی لەوە کردووە کە؛ "چوونکە بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران، چەند فیلتێرێکی ڕێژیم بەربژێرەکانیان پاڵاوتووە و پلانداڕێژیی بۆ کراوە و کەسانی دڵخوازی خۆیان دادەنرێن، نزیکەی زیاتر لە ٧٥٪ی خەڵکی ئێران لە خۆکاندیدکردن بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران بێبەرین و مافی ڕەوایان زەوت کراوە، کەوابوو هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران لە جەوهەری خۆیدا دێموکراتیک نییە".
وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا باسی لەوە کردووە؛ "لەنێو دەسەڵاتی ئێراندا سیما و دەموچاوەکان هەرچی بن، هیچ گۆڕانێک لە سیاسەتی گشتیی ئێران، چ لەنێوخۆ، بارودۆخی ژیانی خەڵک و چ لە سیاسەتی دەرەوە و درێژەی سەرکوت و سێدارە نایەتە گۆڕێ، بۆ وێنە کاتی خۆی خاتەمی هاتە سەرکار و پاشان گوتی ئەمن هیچ دەسەڵاتێکم نییە، پاشان ئەحمەدی نەژاد دوای دوو دەورە سەرکۆماری، ئەمجارە شیاوێتیشی پەسەند نەکرا. کاتی خۆی مووسەوی سەرۆک وەزیر بوو، کەڕووبی کە سەرۆکی پەرلەمان بووە و وەلا نراون، بۆیە دەسەڵاتی ئیران وەفای بۆ کەسە دڵسۆزەکانی خۆشی نییە".
شەرەفی، لە پەیوەندی لەگەڵ هەڕەشە و هۆشدارییەکانی عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمی ئێران، ڕایگەیاند؛ "خامنەیی بۆیە پێشنیاری بە کاندیداکان کرد کە باسی پرسە نەتەوەیی، ناوچەیی و زمانی و ئایینییەکان نەکەن، لەبەر ئەوەی بەربژێرەکان لەڕاستیدا هیچ شتێکیان نییە کە وادە و بەڵێنیی بە خەڵکی بدەن".
وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەبارەی هەڵوێستی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لە لایەن شەش لایەنی ڕۆژهەڵاتەوە گوتی: "بایکۆتی ئەمجارەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەچاو جاران جیاوازییەکی هەبوو، یەکەم ئەگەر جاران حیزب، یان ڕێکخراوێکی کوردی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی هەندێک گومانی لە بایکۆت، یان هەوڵدان بۆ بەشداری هەبوو، بەڵام بۆ ئەوانیش دەرکەوت کە ئەو ڕێژیمە ئەو دەرفەتە بە کەس نادات و ئەو زەمینە دەرفەتە لەو ڕێژیمەدا نییە کە ئاڵوگۆڕێک بۆ ماف و ویستەکانی نەتەوەی کورد بێنێتە دی، بۆیە ئەمجارە هەر شەش ڕێکخراو پێکەوە بایکۆتی هەڵبژاردنی سەرکۆمارییان ڕاگەیاند، هاوکات لەباری کرداریشەوە هەر ڕێکخراوێک ئەوەندەی بۆی کرابێت، لەڕێگەی ڕاگەیاندن و پێگەی خۆی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، داوای کردووە کە خەڵکەکە لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری نەکەن."

**درێژەی پەیڤ**

لە کار و تێکۆشاندا چیدی وزەیان نەمێنێ یان ورەیان بەردەن، بەڵام خراپییەکەی لەوەدایە کە؛ لەو نێوەدا هەندێک کەس هەم ورەیان بەردەدەن و هەم ئیرادەیان دەدۆڕێنن، بەڵام بۆ شاردنەوەی دۆڕاوییان، خەڵکی دیکە و خەباتکارانیش هان دەدەن کە ڕوانینیان لە دەرەوەی ڕێژیمەوە بگوازنەوە بۆ نێو ڕێژیم و لە ڕاستیدا دۆڕاویی خۆیان بە ناوی دیکەوە تێئۆریزە دەکەن و دەیانەوێ لەگەڵ خۆیان، خەباتیش بەچۆکدا بێنن!
ئەم جۆرە سیمایانە کە ڕەنگە لێرە و لەوێ نموونەیان پەیدا ببێ، دەیانەوێ هەم لە ئاسوودەیی کایەکردن لە چوارچێوەی ڕێژیم بەشدار بن و هەم سیمای خەباتکارییان هەبێ، کە لە ڕاستیدا بوونەوەرێکن کە سیمای خەباتیان پێ ناشیرین دەکرێ و لە کاتی هەڵهاتنی هەتاوی ئازادیدا دۆڕاوییان زیاتر دەردەکەوێ.

# کورتە وەڵامێک بۆ ئەو کەسە ئاکادمییانەی بەلاڕێدا چوون



**نەکەرۆز**

کاتێک لایەنێکی داگیرکەر هەوڵی داگیر کردن و خۆسەپاندن بەسەر وڵاتێکدا دەدات و دەیهەوێت نەتەوەیەکی دیکە بخاتە ژێر هێژمونی و ڕکێفی خۆیەوە، بەزەیی لە ناخی خۆی فڕێ دەدات، کە بە یەکەمین تایبەتمەندیی مرۆیی دەژمێردرێ. هەر لەم ڕاستایەشدا ئەوەیکە لە سەری ساغ دەبێتەوە تاکوو پێی بگات، بەرژەوەندییە نارەواکانی خۆیەتی کە بە یارمەتی وەرگرتن لە دەست و پێوەندییەکانی ئەم پرۆسە بەڕێوە دەبات. بەم چەشنە ڕەواییەکی هەرچەند ڕواڵەتییش بێت بۆ خۆی و ئاکارە دژەمرۆییەکانی ساز دەکات. بۆ هەرچی زیاتر سەقامگیرکردنی دەسەڵاتە سەپێنراوەکەشی ئاستی وەی هێزەکانی خۆی لە ڕێگەی بانگەشە و پڕوپاگەندەی درۆیینەوە بەرز دەکاتەوە، بە جۆرێک کە هەر تاک و هێزێکی بەشداربوو لە ژێر سێبەری ئەم گوتارە سەرەکییەدا ڕەواییەکی خەیاڵی بۆ تاڵان و درۆ و کردەوە نارەواکان دەبیننەوە...

ڕەنگە بەئەنجام گەیشتنی ئەم پڕۆسە ماوەیەکی زەمەنیی زۆری پێویست بێت کە بە ئاکام گەیشتنی زۆر ئەستەم دەبێت، بەڵام لە ئاکامدا بیر و هزری داگیرکەر تووشی ڕەپاڵدان (فرافکنی) دەبێت کە تەنانەت خۆیشی لە تەنیایی خۆیدا ناتوانێت کارە نارەواکەی ڕۆژی یەکەمی خۆی بە نارەوا بزانێت!!! (بۆ نموونە هەر ئێستا دەبینین کە فارسەکان بەو چەشنە دەڕواننە نەتەوەکانی دیکەی جوغرافیای ئێستای ئێران، ئەگەر ورد سەرنج بدەین دەبینین جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان فارسێکی بە ناو دژبەری حاکمیەتی ئێستای تاران کە لە دەرەوەی وڵات دانیشتووە یان داگیرکەری تاران بە نیسبەت مەسەلەی نەتەوایەتییەوە بەدی ناکرێت).

پاش ئەم بەسەرهاتە لە لایەن نەتەوەی زوڵملێکراوەوە بەربەرەکانێ و بەرگریی ڕەوا ڕوو دەدات... ئەم بەرەنگارییە ئەتوانێت تەنیا شەڕێک بێت کە بە پیرۆز بێتە ئەژمار. کەسانێک شۆڕشگێرانەتر و خێراتر بە دژی داگیرکەر دەوەستنەوە و هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن...ئەو کەسانە زەرەر و قازانجی ژیانی ئاساییان ئیدی بۆ گرینگ نییە و وەک ئەرکی سەرشانیان لەو ڕێبازەدا درێژەی خەبات دەدەن. ئەوانە قارەمانانی هەتاهەتایی میللەتی خۆیانن. ئەو کەسانەی کە ژیانی ژێر دەستەیی و ژێر چەپۆکەیان پێ قەبووڵ ناکرێت، ناچارن لە بەرانبەر هێرشی داگیرکەردا هەڵوێست بگرن. ئەم هەڵوێستە بوێرانەیە دەتوانێت ژیانی ئاسایی خۆیان و تەنانەت نیزیکەکانیشیان بخاتە مەترسی و نەمانەوە، بەڵام مانێکی هەتاهەتایی و سەربەرزانەیان لە مێژووی ئەو نەتەوەدا بۆ دەستەبەر دەکات... داگیرکەر کە خۆی بە خاوەن خاک دەزانێت!!! بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو جۆرە مەترسییانە نەبێتەوە، هەوڵ بۆ داگیرکردنی تەنانەت نەتەوەکەش دەدات، داگیرکەر بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵ دەدات هەتا بۆی بکرێت پیلانەکەی بە بێدەنگ بباتە سەر، ئەم پرۆسەیەش دەتوانێت درێژخایەن یان کورتخایەن بێت. درێژی و کورتیی ئەم ڕێگا کە ئەمجار داگیرکەر دەیگرێتە بەر، بەستراوەتەوە بە ڕێژەی ملکەچ بوونی نەتەوەی بندەست. (بۆ نموونە لە نێو نەتەوەی کورددا هەتا ئێستاش ئەم پرۆسە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە هەر درێژەی هەیە و هێشتا هیچ دەرئەنجامێکی ئەرێنیی بۆ داگیرکەر نەبووە). بە هۆی ئەوە کە قارەمانانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد هەمیشە لە سەنگەری خەبات و بەربەرەکانێ دژی داگیرکەر و خواستەکانیان ماونەتەوە، داگیرکەر جگە لە خاک نەیتوانیوە دەست بە سەر ڕۆحی کورددا بگرێت... داگیرکەری بێبەزەیی لێرەشدا کەڵکی جۆراوجۆر لە ئەبزار و کەرەستەکانی حاکمیەتی نارەوا وهێژمونی خوازانەی خۆی وەردەگرێت و بە شێوەی سیستماتیک لە هەوڵی بنبڕ کردنی هەستی نەتەوایەتی دایە، ئەو لە پەروەردە و میدیا و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا هەوڵی لا بردنی هێما و سەمبۆلەکان دەدات و لەم ڕاستایەدا کەڵکاژۆ لە هەموو ئامرازەکانی بەردەستی وەردەگرێت. یان ئەگەر هەر بۆی نەکرا، ئاستی داواکارییە نەتەوایەتییەکان دادەبەزێنێت بۆ ئاستێکی نزم و ئامانجی داواکارییەکان بە لاڕێدا دەبات. لە نێو گەلی کورددا و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەم هەوڵە بێئاکام و نەزۆکانەی حاکمانی تاران نشین بۆ هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵات و هەڵۆکانی نێو سەنگەری دژایەتیی داگیرکەر ناسراون، بەڵام لێرەدا زۆر گرینگە باسی ئەو کەسانە بکەین کە بە ناوی ڕۆشنبیر ونوخبە و دەمڕاست لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات بە شێوازێکی بە قسەی خۆیان زانستیانە و کۆمەڵناسانە!!! و بە ئەنقەست دەبنە داردەستی ڕێژیم و گەمژانە ئامانجەکانی ئەو کاوێژ دەکەنەوە... ئەوان بە پێی مێژووی هاونشینیی زۆرەملی لە گەڵ نەتەوەی داگیرکەر، مێژووی دەستکردی خۆیان بۆ چەواشەکاری دژ بە گەلی خۆیان دەڵێنەوە. ئەوانە لە ژێر کاریگەریی گوتاری داگیرکەردا زەین و هەستی نەتەوەییان پووکاوەتەوە، بۆیە هەوڵ دەدەن خەباتی نەتەوایەتی بۆ ئاستی داواکاریی خەدەماتی و ژینگەیی دابەزێنن. (هەر چەند کە هەمیشە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بەرنامە و پلانی بۆ چارەسەر کردنی کێشە و گرفتەکانی نێو کۆمەڵگا پێشکەش بە ڕای گشتی کردووە و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و... هتد و ئەستاندنی مافی نەتەوایەتیی بە حەقێکی ڕەوا زانیوە) ئەوان لەم بە ناو داواکارییانەیاندا بەرانبەر بە دەسەڵات شوێن و کات نابینن و بە تەنیا ملکەچیی خۆیان لە بەر چاو دەگرن. بۆیە ئەم بیرۆکانە جگە لە خەیاڵ و کات بە فیڕۆدان شتێکی لێ شین نابێت. مرۆڤی دانیشتووی شار لە گەڵ ژیار و ژیان و بردنە سەری ئاستی گوزەراندا ئاشنایە و لە هەمووی ئەم ڕەهەندانە تێدەگات و هاوکات باشیش هەست بەوە دەکات کە هەتا خاوەنی خاک و وڵاتی خۆی نەبێت، ئەگەر تەواوی ئەم داواکاریانەشی لە لایەن حاکمانی تارانەوە بۆ جێبەجێ بکرێت، مادام کە مافی مرۆڤ بوون و ناسنامەی نەتەوەیی خاکەکەی خۆی لە داگیرکەر نەستێنێتەوە هیچ کارێکی بۆ نەکراوە و تەنانەت قەبووڵیشی ناکات هیچ داواکارییەک ئەگەر ڕەوایش بێت، بکەوێتە پێش داواکاریی خەباتە نەتەوەییەکەیەوە. مرۆڤە شۆڕشگێڕەکانی شار ئیتر ئەم شتانە وەک داوا سەیر ناکەن چوونکە بەپێی زەمان، بەو تێگەیشتنە گەیشتوون کە داگیرکەر خاوەنی بەزەیی نییە تاکوو بە قسە و دیالۆگ مافی زەوت کراو بداتەوە. بەڵکوو دەبێت بۆ ئەستاندنی مافی خۆیان بەهاوسەنگی لە گەڵ شاخ خەبات بکەن. هەر دوو لا(شاخ و شار) لەم بڕگە مێژووییەدا مافی ئەوەیان هەیە بەو وتار و دروشم و زەینییەتانەدا بچنەوە کە هەتا ئێستا لە باری دەستەبەر کردنی مافی نەتەوەییەوە کەمدەرئەنجام یان بێئاکام بوون. فارسیزمی تاران میحوەری ئەو شتانەی کە بە هێز بە دەستی هێناوە بە قسە و داواکاریی گومان کەجانە ڕادەستی ناکاتەوە. لەوانەیە بەجێ بێت ئەگەر بڵێم دوو تایبەتمەندیی سەرەکی دەتوانن لەوە زیاتر تەنگ بە حاکمیەتی داگیرکەر هەڵچنن؛ یەکەم هێز و دووهەم خێرایی بڕیاردان. ئەو دوو تایبەتمەندییە هەتا بە هێزتر دەرکەون شاخ و شار زۆرتر لێک گرێ دەدرێن.

لە ڕاسانی پیرۆز و شکۆمەنددا پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەلماندیان کە دەتوانن ناوەرۆکی پووچەڵی هێزی ڕێژیم پێشانی ڕای نێوخۆ و خەڵکی دنیاش بدەن. ئەوان قارەمانانە بە پێی ئوسولی دیاری کراو، بەبێ ئەوەی هێرش بکەن، خەوی داعیشی تارانیان تاراند و هێزو وزەیەکی زۆریان بە شەقام و شار بەخشی... شار بە جوانی و بە وردی پەیامی شاخی وەرگرت و بە دانی سیگناڵی ئەرێنی، خەباتکارانە هاوسەنگیی خەباتەکەی ڕاگرت. سەرەڕای هەموو ئەو زەخت و لەمپەرانە کە دەسەڵات ڕووبەڕووی خەڵکی شاری کردەوە و زیندانەکانی لە ڕۆڵە بە ئەمەگ و وەفادارەکان ئاخنی، شار بوێرانە لە مەیداندا ماوەتەوە. لێرەدا زۆر گرینگە کە شاخ ڕێبەرانی مەیدانی و بکەری خۆی بە شێوەیەکی جیاوازتر و خێراتر لە جارانی پێش ڕاسان دیاری بکات. واتە دەستی جەنگاوەران و ڕێبەرە مەیدانییەکان ئاوەڵاتر بکات، ئەو یاسایانە لە بەر پێی ئەو قارەمانانە لا ببات کە دەتوانێ مەیدانی چالاکییەکانیان بەرتەسک بکاتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی هێز و وزەیان لاواز بێت. زۆر بەداخەوە لەم بیست ساڵەی ڕابردوودا ئەم گوتارە لە کوردستان بە چەشنێک توانیی لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵ و میدیادا جێگای خۆی بکاتەوە کە؛ ڕزگاریی کوردستان لە ڕێگەی چەکەوە یان لە ڕێگەی قەڵەمەوە دەستەبەر دەبێت!!! ئەوانەی کە لە گەڵ ناخی شۆڕشگێڕیدا بێگانەن، کەرەستەکان زەق دەکەنەوە. ئەوەیکە دەتوانێت داگیرکەر بە چۆکدا بێنی تەنیا و تەنیا ئیرادەی بە هێزی شۆڕشگێڕانەیە کە لە تاکی مرۆڤی کورددا گەشە دەکات. ئەو مرۆڤە نیشتمانپەروەر و قارەمانانە کە لە هەموو کەرەستەیەکی ڕەوا بە چەک و قەڵەمیشەوە کەڵک وەردەگرن بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی. کەرەستە و ئەبزارەکان مادام بە دەست شۆڕشگێڕانەوە نەبن، چیان بۆ دەکرێت؟؟؟ زۆرن ئەو ژنە قارەمانانەی نێو ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی کە بە هەڵسوکەوت و کارە شۆڕشگێڕانەکانیان ڕێژیمی تارانیان دەستەوەستان و دۆشداماو کردووە... شەهید سەکەوت و شەهید کاوەی جەوانمەرد کاتێک بڕیاریان دا دواهەمین نارنجۆکەکەیان بە خۆیادا بتەقێننەوە، تەنانەت فیشەک و چەکیشیان پێ نەمابوو، بەڵام ئیرادەی شۆڕشگێڕانە و لە ئاکامدا شەهید بوونیان هێز و هزری ڕێژیمی کرد بە سووژە و دەستەوەستانی کرد و بیری شۆڕشگێڕی بووەوە بە بکەر و دیسان بە سەربەرزی مایەوە و سەرکەوت. دەتوانین زۆر نمونە بێنینەوە کە ئیرادەی شۆڕشگێڕانە بەسەر هەموو کەرەستەکانی ڕێگای خەباتدا زاڵ دەبوو.

# له دیکتاتۆری‌دا پەروەردە کەرەستەیەکە بۆ ژێردەستەیی

بەختیار عوسمانی

دۆخی پەروەردە لە وڵاتی ئێران لێڵ، گوماناوی و هێژمونیخوازە، لەبەرئەوەی خەڵکی ئێران لە پەروەردەیەکی بەکەڵک و بەسوود بێبەشن، ئێمە لێرەدا نیشانی دەدەین کە بۆ پەروەردە لە ئێرانێک کە هەزاران ساڵە ئەزموونی حکوومداری هەیە، پەروەردە بۆ پێگەیاندن نییە!. سێ کەلێنی گەورە لە ئێران هەبووە و هەیە کە تا ئێستا چارەسەر نەکراون، تاکوو ئەم کەلێنانەش پڕ نەکرێنەوە پەروەردەیەک کە بە ڕاستەڕێدا بڕوا، دوورە لە چاوەڕوانی:

۱. دەسەڵاتی سیاسی
۲. لەبەرچاونەگرتنی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی
۳. ئابووری

یەکەم. لە بواری دەسەڵاتی سیاسییەوە ئێران هەمیشە لە ژێر حوکمی چەک و سەرنێزەدا بووە، دەسەڵاتداران، دیکتاتۆر و دژی گەلی بوون. خەڵکیان لە لا کۆیلە و فەرمانبەر بووە و بە زۆر ئیدارەیان کردوون، خەڵک بەردەوام هەوڵی داوە لەم ژێردەستەییە ڕزگاری بێ، بەڵام لە دیکتاتۆرێک ڕزگاری بووە، کەوتووەتە باوەشی دیکتاتۆرێکی دیکە. ترس لە دژکردەوەی خەڵک دەسەڵاتی وا لێ کردووە کە بە هەموو شێوەیەک لە بیری زنجیر و سەرکووتی خەڵکدا بن، بە پێشکەوتنی جیهان و پەرەگرتنی زانست و تیکنۆلۆژی، بواری پەروەردەیش گەشە وپەرەی سەند، لێرەیشدا بە جێگای ئەوە بۆ خزمەتی خەڵک کەڵکی لێ وەربگرن خستیانە ژێر دەسەڵات و بیری ڕەشیان بۆ ڕاهێنانی خەڵک بە کۆیلەتی، کۆنەپەرەستی و لارەملی، چوارچێوە و نێوەڕۆکی پەروەردەیان بە مەبەست و ئامانجی خزمەت و بەرزکردنەوەی " شا" و "ئیمام" دارشتووە و جێبەجێ کردووە، وێنەی لاپەڕەی هەموو کتێبێکیان بە " شا" و "ئیمام"! داگیر کراوە و نێوەڕۆکەکەیشی بۆ پیاهەڵدان و ڕازاندنەوەی دەسەڵاتەکەیان نووسراوە و کێشراوە. هەموو فێربوونێک بۆ خزمەتی دەسەڵات و سەرکوتی خەڵکە، ئەگەر وانەبێ ڕێگای پەروەردەی لێ دەگرن یان کورتی دەکەنەوە، هەر وەک چۆن تا ئێستا کردوویانە.

لە کۆماری ئیسلامیدا بەناو "پەروەردەی ئیسلامی"یان بەرز کردووەتەوە، هەموو شتێکیان بەستووەتەوە بەو تەوەرە لە بەر ئەوەی تەنیا بە خەڵکی بسەلمێن کە "وەلی فەقیه"، نوێنەری خودایە لە سەر زەوی.

بۆیە تا دەسەڵاتێکی خەڵکی و دێموکرات جێگیر نەکرێ چاوەڕوانی لە پەروەردەیەکی بەکەڵک لە ئێران بێسوودە.

دووهەم. کەلێنێکی دیکە کە لەسەر ڕێگای پەروەردە لە ئێراندا هەیە، لەبەرچاونەگرتنی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینییە. هەموومان دەزانین نەتەوەکانی کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکمەن، تورک و فارس لەسەر خاکی خۆیان و لە چوارچێوەی وڵاتێک بە ناوی ئێراندا دەژین و هەر یەک لەم نەتەوانە خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندیانەن کە نەتەوەیەک هەیەتی. بەڵام دەسەڵاتداران چ ئەوانەی دوێنێ و چ ئەوانەی ئەمڕۆ چووکەترین گرنگییان بە نەتەوەکانی جیا لە فارس نەداوە، دەسەڵات تەنیا لای نەتەوەی باڵادەست( فارس)ە، تا ئێستاش نەتەوەکانی دیکە بندەست و مافخوراون و کەمترین دەوریان لە چارەنووسی وڵات و خۆیاندا نییە، بۆیان دەڕێسن و بۆیشیان دەدوورن. هێژمونیخوازیی نەتەوەی دەسەڵاتدار بە تەواوی ڕۆچووەتە نێو ناخی، هەر بۆیە هەرکامیان دەچنەسەر کورسیی دەسەڵات، ئەو خووە لە کار و کردەوەیاندا ڕەنگ دەداتەوە.

پەروەردە لەم وڵاتە بە بیر و زمانی هێژمونیخوازی و بە فارسی، بە ئامانجی خزمەتی ناسنامە و دەسەڵاتی نەتەوەی باڵادەست و سڕینەوەی ئەوانی دیکە دادەڕێژرێ، نەتەوەکانی دیکە نەک لە دارشتنی پەروردە بێبەشن، تەنانەت لە هیچ شوێنێکیش جێگایان نییە.

دەسەڵاتداران دەزانن کە نەتەوە مافخوراوەکان بە خواست و ئیرادەی خۆیان نەچوونەتە ژێرباڵی ئەو حوکمە، بۆیە هەوڵیانداوە کە لە ڕێگای پەروەردەیشەوە ئەمانە لە ژێردەستەیی‌دا بهێڵنەوە، زمان و فەرهەنگی خۆیان بەرز و پێش خستووە و لە بایەخی زمان و فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکە کەم دەکەنەوە، بە چەشنێک کە بەشێک لە خەڵکی نەتەوە مافخوراوەکان باوەڕیان بەوە هێناوە کە زمانی فارسی لە زمانەکەی خۆیان شیرینترە، لە کاتێکدا هیچ زمانێک لە زمانی زگماکی شیرینتر نییە.

لانیکەم نیوەی حەشیمەتی ئێران غەیرە فارسن، ئەم نەتەوانە لە پەروەردەیەکی تایبەت بە خۆیان جیا لە پەروەردەی بنەماڵەیی بێبەش کراون و تەنانەت مافی خوێندنیش بە زمانی زگماکییان لێ زەوت کراوە چ بگا بەوەی کە پەروەردەکەیان بە زمانی زگماکی بێ. بەڵام لە ئێستادا ئەو نەتەوانە بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان خەریکی پەروەردەکردن و ناساندی شوناسی خۆیانن، هەر بەو پێیەش زیاتر لە جاران لە هەوڵی بەدەستهێنانی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانیاندان، لە بەرانبەریشدا دەسەڵات زیاتر و چڕتر لە جاران ئێعدام و کوشتاریان لێ دەکا.

جیا لە پێکهاتەی نەتەوەیی، پێکهاتەیەکی دیکە لە ئێران بە زەقی دیار و لەبەرچاوە ئەویش ئایینییە، جیا لە شیعە کە دەسەڵات وەک مەزهەبی فەرمی ناساندوویەتی، سوننە و مەسیحی و یارسان و .... ئایینی دیکە بوونیان هەیە کە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن و لە پەروەردەیەکی ئیسلامیی شیعەدا جێگایان نابێتەوە، ئەگەر لە دژایەتیشدا نەبن. پەروەردە لە ئێران ئەم کەلێنەیشی پڕ نەکردووەتەوە، بەڵکوو گەورەتر و گەورەتری کردووە.

سێهەم. بواری ئابووری، بوارێکی گرینگە لە ژیانی کۆمەڵگا و مرۆڤەکان، بەهێز و بێ‌هێز بوونی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بوارە جۆراوجۆرەکانی دیکەی دەسەڵات و کۆمەڵگا هەیە، ڕێژیمەکانی ئێران داهاتی وڵات و خەڵکیان تاڵان و خەرجی هێزە سەرکوتکەرەکانیان کردووە، هەر بۆیە ئابوورییەکی داڕماو و لاوازی هەیە، پاشماوەی ئەم داهاتە بۆ پەروەردە تەرخان دەکرێ، کە ئەمیش تەنیا بۆ پەروەردەی زمان و فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست تەرخان دەکرێ. زۆربەی زۆری خەڵکەکەی لەدەست هەژاری، بێکاری و کەم داهاتی دەناڵێنن و لە هەموو ئیمکاناتێک بێبەش کراون.

ئابووری پێوەندیەکی ڕاستەوخۆ و لێک گرێدراوی لەگەڵ پەروەردە هەیە، هەرچی دۆخی ئابووری گەشتر بێ، دەرفەت و ئیمکاناتی پەروەردەیەکی باشتر و زیاتر دەرەخسێ، یان دەشکرێ هەرچی دۆخی پەروەردە لە پێشەوە بێ، بواری ئابووری زیاتر گەشە دەکا و سەرمایەی مرۆیی زیاتر دەستەبەر دەبێ، بۆیە ئابووری و پەروەردە پێوەندییەکی چڕوپڕیان پێکەوە هەیە. ساڵانە زۆرن ئەو کەسانەی کە بە هۆی هەڵاواردن، بێداهاتی و نەبوونی ئیمکانات واز لە پەروەردە کردن دێنن و تێکەڵ بە کاروانی بێکاران دەبن.

بۆ ئەوەی وڵاتێکی وەک ئێران بتوانێ پەروەردەیەکی گشتگیر، بەبەرهەم و سەرکەوتووی هەبێ، لە پێشدا دەبێ سیستمی حوکمڕانییەکەی دێموکراتێک و مافی گشت نەتەوەکانی بپارێزی و هەروەها خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز بێ، ئەم سێ بوارە حەلقەیەکی لێک گرێدراون کە بە بێ یەکتر ناتەواو و بێ کەڵکن، بۆیە ناتوانن پەروەردەیەکی باش پێشکەش بە خەڵک بکەن، تاکوو خونچەی پەروەردە لە ئێراندا بپشکوێت.

# کۆماری ئیسلامی — حەتمیەتی لە ناوچوون

عومەر ئێزەدخا

بە گەڕانەوە بۆ ئەو ڕاستییە مێژووییەی کە پێمان دەڵێت ڕێژیم و دەسەڵاتدارییە زۆردار و تۆتالیتار و فاشیستەکان تەمەنی درێژیان پەلەقاژەی ناڵینە بەدەست لەنێوچوونیانەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش وەکوو نموونەی بەرچاوی ئەو جۆرە لە ڕێژیم و دەسەڵاتدارییانەیە، تەنانەت ئەگەر زاڵبوون و هەلومەرجی توانستی ئەم ڕێژیمەش شکێنەری ئەم ڕێسا مێژوویی و لۆژیکیە بێت کە هاوکێشەیەکی نالۆژیکییە، ئەوا لە ڕوانینی چلۆنایەتی و وردبوونەوە لە سروشتی هەرەمی ئەم دەسەڵاتدارییە و دەرەنجام و تەمەنی، و هەڵسەنگاندنی سیستمە هزریەکەی، چاویلکەی دوور بینی تەنانەت نابێتە پێویستییەکی ئەوتۆی مرۆڤێکی کەم‌بیناش.

دەسەڵاتگرتنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە ئاژاوە و شەڕ و توند و تیژی و ڕەشەکوژی دەستی پێکرد لە نانەوەی ترس و تۆقاندن هەر لەو ڕێگایەشدا بەردەوامی دا، "هەروەک دەگوترێ بەلەمی ئەم ڕێژیمە بە سەر دەریای خوێندا دەڕوات"، و دەسەڵاتگرتنی ڕێژیم لەپای زەوتکردنی ماف و ئازادیی مرۆڤ و گەلان بوو، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی زادەی هزرێکی عەقیدەیی توندئاژۆیە کە هاونموونە و سیستمەکانی بریتین لە؛ (بزووتنەوەی تاڵیبان و ئەلقاعیدە، داعش، بۆکۆ حەرام و هەر ڕێکخراوێکی توندئاژۆی تێرۆر خوڵقێن)، تێرۆر وەکوو فەلسەفەی ڕێژیمی مەزهەبی، ئاژاوە و شەڕ وەکوو ناسنامە، ترس و تۆقاندن و ڕەشەکوژی وەکوو ستراتیژ، سڕینەوەی مرۆڤ وەکوو ئەلتەرناتیڤی بەهەشتەکانیان.

سەبارەت بە سیستمی هزرییان پێویستە بووترێت کە سەرلەبەری بنەما هزری و جیهانبینییەکانی هزرگەلی گرووپە ڕادیکاڵە دینی و عەقیدەییەکان خۆی لە بازنەی (جیهاد و قیتال و ریبات و فتح - غەزا )دا دەبینێتەوە، کە لە ئەنجامی ئاستی نزمی هۆشیاری بەشێکی زۆری کۆمەڵگاکانی بە تایبەت ناوچە، مەیلخواز و ئامادەسازی سەرهەڵدانی ئەو تەرزە گرووپ و ڕێبازانە دەبن، کە سەقفی بەرزی ستراتیژی گرووپە عەقیدەییەکان خۆی لە ئامادەسازیی و پلانی بڵاوکردنەوەی باوەڕەکانیان و خولقاندنی جیهاد و غەزا بۆ ئەم مەبەستە دەبینێتەوە، نەک هەر بیروڕای جیاوازیان پێ هەزم ناکرێ!، بنەڕەت و کۆڵەکەی باوەڕگەیان لەسەر بنەمای لادانی عەقڵ دامەزراوە، بەڵکوو بەکارهێنانی بیرکردنەوە و عەقڵ تاوانە، بەڵگەی ئەو ڕاستییەش ئەوەیە کە گرووپە توندڕەوە دینییەکان و مەزهەبەکان کە سەرەڕای ئەوەی سەرجەمیان خۆیان لە چوارچێوەی یەک بڕوادا دەبیننەوە و هەموویان بانگەشەی گەڕانەوە بۆ یەک سەرچاوەی دیاریکراو دەکەن و ئەندێشەی لێ‌وەردەگرن و لەهەمان کاتدا بانگەشەی ئامانجگەل و ئاخیرەتی هاوبەش دەکەن، بەڵام نەک هەر یەکتریان پێ قبوڵ نیە، بەڵکوو دونیایەکی پڕ لە کوشتار و پەل و پۆکردن و دەست و قاچ بڕینی مرۆڤەکان دێننە کایەوە، خوڵقێنەری هەمان ئەو جەهەندەمەی کە وەک بانگەشەی بۆ دەکرێ و بەحیساب کە دەبێ مرۆڤەکان لەو دونیا بیبینن !!، هەربۆیە لە کۆمەڵگایەکی زۆرینە ئیسلامی وەکوو کۆمەڵگای ئێرانی‌دا کە لە نەتەوە و پێکهاتەی ئێتنی و دینی و عەقیدەیی جۆربەجۆر پێکهاتووە، نەک هەر سوننە مەزهەب و ئاینزاکانی دیکە ناتوانن بەشداریی حکومڕانی بکەن، لەژێر سایەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا، بەڵکوو بەشێکیش سەرەڕای هاو عەقیدەیی و درویشیان بۆ سیستمە هزرییەکە، ڕێگەیان لێ‌دەگیرێت لە بەشداری سیاسی، ئەوەش لاوازیی بێ‌پایانی هێزی پشتەوەی کۆماری ئیسلامی دەردەخات، دەرخەری شکستی ئەو هزر و هێزەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لەسەر وەستاوە، چوونکە لەماوەی نزیک چواردەیەی ڕابردووی ئێراندا کە لە بن دەستی ئەو ڕێژیمەدا بووە، ڕۆژ بە ڕۆژ یەکگرتوویی گرووپی دەسەڵاتدار بەرەو لاوازی ڕۆشتووە، کە ئێستا بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، سەرجەمی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتە ئەمنیەتییە کە ئەو گرووپە دەسەڵاتدارییە هەیبووە لەسەر بنەمای بنبڕکردنی بچووکترین جیاوازیی بیروڕا، کە بەردەوامی ئەو هاوکێشەیەش دەرەنجامەکەی بریتییە لە خەڵات کردنی هەرەس و سەرنگوون بوون بەم ڕێژیمە.

ستراتیژی ئیدارەدانی نێوخۆییان بۆ جڵەوگیرکردنی کۆمەڵگا لەسەر دوو بنەمای سەرەکی خۆی دەبینێتەوە، یەکەم : سیاسەتی زەبر و زەنگ و تێرۆری دەوڵەتی. دووەم : کارکردن لەسەر ستراتێژێکی پەروەردەیی زەمینەساز بۆ بێ‌ئاگاکردن و جڵەوگیرکردن و دەستەمۆکردنی کۆمەڵگا لەڕێگای خستنەگەڕی فاکتەرە فەرهەنگی و ئابوورییەکان.

هەرچی سەبارەت بە تێرۆری دەوڵەتییە، ئەوا هەرلەگەڵ وەدەسەڵاتگرتنی کۆماری ئیسلامیدا ئەو ڕێژیمە وەکوو دەوڵەتێک بەشێکی زۆری چالاکیی و سیاسەتی خۆی تەرخان کرد بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تێرۆریستی لە ڕەشەکوژی و کوشتن و کۆمەڵکوژی و هەڕەشە و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن .. بەرانبەر بە نەیارەکانی خۆی بەتایبەتیش ئەندامان و لایەنگران و ڕێبەرانی پارتە ڕامیارییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زیاتر هەڵگری پەیامی مرۆڤدۆستانە و ئاشتیخوازانە بوون، کە لە ئێستادا ئەو سیاسەتەی پەرەی زیاتری پێدراوە و بەردەوامە، ستراتیژیی ئابووریی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەماوەی ڕابردوودا سەرجەمی لە خزمەتی بەهێزبوونی ئەو ڕێژیمەدا بووە لەسەر حیسابی پێکهێنانی دۆخێکی نالەباری بژێوی ژیان لەو ناوچانەی کە بزاوتی مافخوازانەیان تێدا چالاکە، وەکو پارێزگا کورد و بەلووچ و عەرەب نشینەکان ...، کە خۆی بینیوەتەوە لە جیاوازیی گرنگیدان بە پیشەسازی و وەبەرهێنان و بواری کشتوکاڵ و تەندروستی لە پارێزگاکان، لەگەڵ ستراتژێکی فەرهەنگی فاشیست و ئاسیمیلاسیۆن خواز کە سەرلەبەری فاکتەر و میکانیزمەکان لەو ڕێگایەدا و بە درێژایی ئەو چوار دەیە کاریان کردووە، سەرلەبەری ئەوانەش لەپێناوی پەروەردەیەکی مەیلخواز و بێهێز بەرانبەر بە ڕێژیمەکە.

ستراتیژیی ئیدارەدانی دەرەکی کە سیاسەتی دەرەوەی لەسەر بونیاد نراوە، درێژکراوەی جەنگ و ململانێ نێوان گرووپە ئایینزا و عەقیدەییەکانە، واتە پەرەسەندووی ئەو جەنگەیە، کە بریتییە لە دونیا بینی و ڕوانینێکی دوژمنکارانە بەرانبەر بە غەیری باوەڕدارانی باوەڕگەی خۆیان، هەر بۆیە ستراتیژیی سیاسەتی دەرەکییان خۆی دەبینێتەوە لە دروستکردنی ئاژاوە و شەڕ و پێکدادان لەنێو کۆمەڵگاکانی دەوروبەر و جیهان، بە ئامانجەکانی، یەکەم : دەستەبەری توانستی زاڵیەتی نێوخۆیی و دووهەم : پەلهاویشتن و بڵاوکردنەوەی ڕێبازەکەیان بە ئاراستەی دەرەوە، ئەو ستراتیژەش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە پلەی یەکەم خۆی لە دروستکردن و پاڵپشتی و هاوکاری کردنی ئەو گرووپ و دەستە و هێزانەدا بینیوەتەوە کە تێرۆر ناسنامە و ستراتیژ و فەلسەفە و دونیا بینییان بووە، کە جیهاد و غەزا ئامانجیان بووە. هەر لەو پێناوەدا ستراتیژێکی دیاری کۆماری ئیسلامی لەماوەی ڕابردوودا بریتی بووە لە داڵدەدان و هاوکاری ئەو گرووپانەش کە هاوباوەڕی خۆیان نەبوونە لەوانەش ( ئەلقاعیدە، ئەنساری کوردستان، داعش ..) بەهەمان شێوە ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیان.

لەمەوبەدوا کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەو گوشاری توندی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی دەڕوات، هاوکێشەی گۆڕانی جیهان بەرەو کرانەوە و دێموکراسی و گۆڕانی چلۆنایەتیی باری هۆشیاریی کۆمەڵگاکان، فشارێکی جەرگبڕی بۆسەر ئەو ڕێژیمە دروستکردووە، بزاوتی ڕامیاریی نەتەوەیی دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە قۆناغی ڕاساندایە، ململانێ لە پێناوی بەرژەوەندییە مرۆڤایەتییەکانی کۆمەڵگای جیهانی دەکات، لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی، یەکەم ڕزگاریی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دووهەم ڕزگاریی مرۆڤایەتی لە هزر و هێزێکی شێرپەنجەیی تێرۆر خوڵقێن.

# ئابووری چەکی دەستی بەربژێرەکان بۆ فریودانی خەڵک

**شەماڵ تەرغیبی**

شانۆگەریی هەڵبژاردنی ئەمساڵیش هاوشێوەی جارانی پێشووتر، وەک چاوەڕوان دەکرا بوو بە گۆڕەپانی کەڵکاژۆ وەرگرتن لە باری گوزەرانی خەڵکی بێ‌دەرەتان، و بەناو بەربژێرەکانی ئەم شانۆگەرییە ئابووریی و دۆخی ژیانی خەڵکیان کردە چەکێک بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک و ڕاکێشانیان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان.

ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی چەند ڕۆژ پێشی خۆیدا ڕایگەیاند؛ کەسانێک لە گوند و شار و شارۆچکە بێبەش کراوەکانی ئێراندا، هەڕەشەیان لە خەڵکی بێ‌دەرەتان و کەم‌داهات و هەژار کردووە کە ئەگەر دەنگ بە ڕۆحانی نەدەن بوودجە و یارانەکانتان لێ دەبڕین.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی قانون لە ڕاپۆرتێکدا هەر لەمبارەوە ڕایگەیاندووە کە؛ بەربژێرەکان و لە نێویاندا "قالیباف" دەستی کردووە بە دانی وادە و بەڵێنی بێ‌بنەما و وتوویەتی: ئەگەر ببمە سەرکۆمار لە ماوەی ٤ ساڵدا داهاتی گشتی وڵات ٢ قات و نیو زیاتر دەکەم، بە چەشنێک کە وەپیش وڵاتانی فەڕانسە و بریتانیا و کانادا و ژاپۆن بکەوین.

ئەم بانگەشە بێ‌بنەمایەی قالیباف لە کاتێکدایە کە بەپێی زانستی ئابووری تەنیا مەرجی بردنەسەری ئاستی داهاتی گشتیی وڵات، زیادکردنی سەرمایەدانانە لە وڵاتدا. ئەگەر وەها گریمانە بکەین کە ناوبراو بتوانێ زۆربەی کۆمپانیا زەبەلاحە جیهانییەکانیش بۆ سە ر ما یە دا نا ن پە لکێشی ئێران بکات، بەپێی زانستی ئابووری پێویستە ١٥٪ ڕێژەی سەرمایەدانان زیاد بکرێت تاکوو گەشەی ئابووریی یەک ڕەقەمی بێتە دی.

بەپێی دوایین ئاماری بانکی جیهانی بۆ ساڵی ٢٠١٥، داهاتی ناپاقژی نەتەوەیی ئێران ٥١١ میلیارد دۆلار بووە؛ ٢قات و نیو زیادکردنی ئەم داهاتە بەو واتایە دێت کە قالیباف دەبێ لە ماوەی ٤ ساڵ دەسەڵاتداری خۆیدا ئاستی داهاتی ناپاقژی نەتەوەیی بگەیێنێتە ١٢٧٧ میلیارد دۆلار!

بەم پێیە ئایا دەکرێ بڵێین قالیباف دەتوانێ ئێران وەپیش وڵاتانێکی وەک کانادا و فەڕانسە بخات؟

یان کەسێکی وەک "ئیبراهیم ڕەئیسی" بەربژێری بناژۆخوازی ڕێژیم بۆ پۆستی سەرکۆماری، کارتی چوونەژوورەوەی شاری یاری "باغلارباغ"ی تەوریزی بە بەلاش بڵاو کردۆتەوە و داوایان لەو کەسانەی کە کارتەکەیان وەرگرتووە کردووە کە دەنگ بە ڕەئیسی بدەن.

ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکی بچووکن لەو درۆ و دەلەسانەی کە بەربژێرەکانی سەرکۆماری ڕێژیم بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک و گەرم کردنی تەنووری هەڵبژاردن بەڕێوەی دەبەن، غافڵ لەوەیکە ئەم خەنە چیدیکە ڕەنگی نەماوە.

ئەم بارودۆخە ئەو کاتە زیاتر جێگەی داخ و کەسەر دەبێ کە بەناو بەرەی "ئیسڵاحخواز"ی ڕێژیم بانگەشە بۆ چاکسازی و ڕیفۆرم لە بیاڤی ئابووریدا دەکەن و چەمکەکانی وەک "عەداڵەت"، "یەکسانی"، "دادپەروەری" و " نەهێشتنی گەندەڵی" دەکەنە چەکی هەڵخەڵەتاندنی خەڵک و بردنەوەی ئەم کایە سیاسییەی نێوان خۆیان و باڵی بناژۆخواز.




بانگەشەیەک کە سەر لەبەری درۆ و دەلەسە و ناڕاستە.

بەپێی هەندێک بەڵگە و فایلی نوێ، حەسەن ڕۆحانیش هاوشێوەی هاوپیاڵەکانی تری دەستێکی باڵای هەبووە لە هەڵلووشینی سامان و داراییەکانی خەڵک و یەکێکە لە گەندەڵکارە کەڵانەکانی نێو ڕێژیم.

ماڵپەڕی "خبرنامە گویا" بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک بەڵگە باس لە گەندەڵییەکانی حەسەن ڕۆحانی و باندەکەی دەکات کە زیاتر لە شێوازی ڕانت و داگیرکاریی زەوی و مڵکدا خۆی دەبینێتەوە.

بۆ وێنە لە یەکێک لە بەڵگەنامەکاندا ڕۆحانی لە ساڵی ١٣٦٨دا، پارچە زەوییەکی لە "شهرک غرب تهران" بە پانتایی ٧٩٠ میتری چوارگۆشە بە بڕی ٢ میلیۆن تمەن لە ڕێکخراوی نۆژەن و ئاوەدان کردنەوەی زەوییەکانی ڕۆژئاوای تاران کڕیوە؛ لە حاڵێکدا کە نرخی ئەم پارچە زەوییە لەو کاتەدا لانیکەم ١٤٠ میلیۆن تمەن بووە. واتە نرخی ڕاستەقینەی ئەو پارچە زەوییە ٧٠ قاتی ئەو بڕە پارەیە کە لە سەرۆک کۆماری ئیسڵاحخواز وەرگیراوە.

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا سەرکۆمارە ئیسڵاحاتخوازەکەی ڕێژیم ڕێگەی بە باوکی زاواکەی داوە کە لە بانکێکی دۆبەی وامی کەلان بە سوودی سیفر لە سەد وەربگرێت و بە سوودی ٢٤ لە سەد، لە بانکەکانی ئێراندا خەواندوویەتی و سوودە بەلاشەکەی دەخوات.

یان لە بەڵگەیەکی دیکەدا کە هەواڵدەریی فارس بڵاوی کردۆتەوە، فەرەیدوون ڕۆحانی برای حەسەن ڕۆحانی لە ڕەشەمەی ساڵی ٥٨دا و تەنیا پاش ١٠ مانگ لە دامەزراندنی بونیادی مەسکەن، زەوییەکی بە پانتایی ١٨٨ میتر لە "تاهبازی" تاران بە بەلاش وەرگرتووە، کە هەنووکە بە یەکێک لە گرانترین ناوچەکانی ئێران دەژمێردرێ.

لە لایەکی دیکەشەوە "ئیسحاق جەهانگیری" جێگری یەکەمی دەوڵەتی یازدەهەم، ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی زەوییەکی بە ڕووبەری ٣٨٥ میتری لە گەڕەکی "وەنەک"ی تاران بە نرخی میتری ١٤٠ هەزار تمەن لە دەوڵەتی ئیسڵاحات وەرگرتووە کە لە ئێستادا بایی پازدە میلیارد تمەنە.


هەواڵدەریی "تەسنیم" ئەوەش ئاشکرا دەکات کە؛ ئیسحاق جەهانگیری ساڵی ١٣٨٩ بەهۆی گەندەڵیی ماڵییەوە لەسەر کار لادراوە.

بەڵگەنامەکان باس لەوە دەکەن کە؛ ئیسحاق جەهانگیری و عەباس ئاخووندی وێڕای ئەندامەتی لە کۆمپانیای "سەدرا"، پاداشتی سەرسووڕهێنەریان وەرگرتووە.

ئەو بەڵگەنامانە و زۆر بەڵگەنامەی ئاشکراکراوی دیکەش هەموو ئاماژە بۆ گەندەڵیی سیستماتیک و هەمەگیری بەرپرسە یەک لەدوای یەکەکانی ڕێژیم دەکەن و هەمان ئەو بەرپرسانەش بەوپەڕی ڕووهەڵماڵراوییەوە بانگەشەی چاکسازی دەکەن و خەڵک بە پڕوپاگەندە و بانگەشەی بێ‌بنەما ڕاکێشی سەر سنووقەکانی دەنگدان دەکەن.

پرسیاری بنەڕەتی لێرەدا بەلەبەرچاوگرتنی ئەم کەتوارانە ئەوەیە کە گەلۆ چاکسازی و ئیسڵاح و ڕیفۆرم هیچ مانایەکیان دەبێت؟

# ٥١٠٠ یەکەی بەرهەمهێنەر لە دەوڵەتی یازدەیەمدا داخراون



لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا واتە تەنیا لە دەورانی تەمەنی دەوڵەتی یازدەهەمدا، ٥١٠٠ یەکەی بەرهەمهێنان لە ئێراندا داخراون.

پاش لێدوانەکانی ئیبراهیم ڕەئیسی بەربژێری بناژۆخوازی ڕێژیم بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری کە گوتبووی لە ٤ ساڵی ڕابردوودا ١٧ هەزار یەکەی پیشەیی داخراون، وەزارەتی سەنعەت، کانزا و بازرگانی ڕێژیم لە ڕاگەیەندراوێکدا قسەکانی ناوبراوی ڕەت کردەوە و ڕایگەیاند؛ لەم ٤ ساڵەدا تەنیا ٥١٠٠ یەکە داخراون!

ئەم شەڕە زەڕەنگەرییانە لە کاتێکدان کە ئەم وەزارەتخانەیە لە پاییزی ساڵی ٩٤دا ڕایگەیاندبوو؛ هەنووکە ٧٥٠٠ یەکەی پیشەیی داخراومان هەیە کە بۆ کرانەوەیان بڕی ١٦ هەزار میلیارد تمەن پارە پێویستە، و ئێمە ئەو پارەیە بۆ زیندووکردنەوەیان دەدەین؛ بەڵام کاتێک کە بۆ وەرگرتنی وام و ئاسانکارییە ماڵییەکان ناونووسییەکان دەستیان پێکرد، زیاتر لە ١٢ هەزار و ٥٠٠ یەکەی داخراو ناوی خۆیان تۆمار کردبوو.

ئەمە بەو واتایە دێت کە ئەم وەزارەتخانەیە لەو کاتەشدا سەرقاڵی درۆ کردن بوو سەبارەت بە ڕێژەی یەکە داخراوەکان و ئەمەش بۆخۆی دەتوانێ بەڵگەیەک بێت لەمەڕ بەگوومان بوون لەسەر ئامارە نوێیەکەی.

بەپێی هەندێک ئاماری نافەرمی کە لەلایەن چالاکانی سەربەخۆی ئابوورییەوە درکاوە، هەنووکە لانیکەم ٦٠٪ی یەکە بەرهەمهێنەرەکان لە ئێراندا داخراون کە لە نێویاندا دەوڵەتی ڕۆحانی پشکی شێری وەبەر کەوتووە؛ تەنانەت ئەم دۆخە ئەوەندە نالەبارە کە ئەندامێکی هەیئەتی بەڕێوەبەری ژووری سەنعەت و کانزا ڕوو لە دەوڵەت و بانکی ناوەندی بە ماڵپەڕی "تجارت نیوز"ی وتووە؛ گەشەی ئابووری پێشکەش بە خۆتان بێ، پێش بە داخرانەکان بگرن!

# کارگەی تراشکارەکانی کرماشانیش چوونە ڕیزی کارگە داخراوەکان

ئاژانسی کوردپا: ژمارەیەک لە کارگە تراشکارییەکانی شاری کرماشان بە هۆی مەندیی و وەستانی بازاڕەوە، داخران و کرێکارەکانیان بێکار بوون.

بەپێی هەواڵە بڵاو کراوەکان، بێکار بووانی ئەو سێنفانە، بە زوویی دەچنە پاڵ لەشکری بێکارەکانی ئەو شارە.

هەواڵدەریی "مێهر"ی کرماشان لە زاری بەرپرسی یەکیەتی پیشەیی تراشکارەکانی پارێزگای کرماشانەوە بڵاوی کردەوە؛ سێنفی تراشکارەکان لە شاری کرماشان بە هۆی مەندیی بازاڕەوە بە تەواوتی لە کار و چالاکی وەستاونەتەوە.

یوونس حەیدەری ڕایگەیاند: ساڵی ٩٥ ژمارەیەک لە کارگەکانی تراشکاری لە شاری کرماشان داخران و مۆڵەتی ئەو کارگانە هەڵوەشاوەتەوە و هۆکاری ئەو کێشانەش، مەندیی بازاڕە.

ناوبراو هەروەها ئەوەشی خستەڕوو؛ شارەکی پیشەیی شاری کرماشان بە تەواوەتی داخراوە، و ڕێژەیەکی کەم کارگەمان ماوە و بێجگە لە نیگابانەکەیان، تەواوی کرێکارەکانی بێکار بوون.

ئەو بەرپرسەی یەکیەتی تراشکارەکانی پارێزگای کرماشان ڕایگەیاند: بەرپرسەکان هاوکاریمان ناکەن و بەڕێوەبەرانی کارگەکان و شیرکەتەکانی کرماشان، کارگەکانی خۆیان بە پارێزگاکانی دیکە وەک هەمەدان و ئیسفەهان داوە و هیچ کەسێک هاوکاریمان ناکات.

ناوبراو هەروەها دەڵێت: کارگەکانی ئێمە بودجەی تەرخان کراویان نیە و، وامەکان هەتا سەقفی یەک میلیارد تمەنە، بەڵام حاڵەتی بازرگانی کردنە بە سەرمایەی کەسۆکی و ساڵانە لە سەدا ١٨ "سوو" دەدەینەوە.



# قەرزەکانی ڕێژیم دوو قاتی بوودجەی وڵاتە

عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران باسی لەوە کردوە کە؛ کۆی گشتیی قەرزەکانی ڕێژیم بە بانکەکان، دوو قات لە بوودجەی وڵات زیاترە.

هەواڵدەریی "تسنیم" سەر بە سپای تێرۆریستی پاسداران لە ڕاپۆرتێکدا لە زاری عەلی لاریجانی بڵاوی کردووەتەوە کە؛ ناوبراو لە دانیشتنی کۆمیسیۆنی ئابووریی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران باسی لە قەرزەکانی ڕێژیم بە بانکەکان کردووە و لەو بارەیەوە گوتوویە؛ "کۆی گشتیی قەرزەکانی دەوڵەت بە بانکەکان دوو قات لە بوودجەی وڵات زیاترە".

لەو دانیشتنەدا باس لە سەربەخۆیی بانکی ناوەندیی ڕێژیم کراوە کە ئەوەش بە مانای جیابوونەوەی سیاسەتی دراو لە سیاسەتی ئابووریی ڕێژیمە کە لەو بارەدا سپای پاسدارانی ڕێژیم دژی ئەم بڕیارە دەوەستێتەوە.

کۆی گشتیی قەرزەکانی دەوڵەت تا کۆتایی مانگی بەفرانباری ساڵی ڕابردوو ٧ بیلیۆن ڕیاڵ ڕاگەیەندراوە.

بانکی ناوەندیی ڕێژیم مانگی بانەمەڕی ئەمساڵ بڵاوی کردەوە کە؛ قەرزەکانی ڕێژیم بە بانکەکان لە ماوەی ٤٤ مانگدا ١١١٤.٤ هزار میلیارد ڕیاڵ بووە.

ئەو قسەی لاریجانی لە کاتێکدایە کە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسی ڕێژیم لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا پێشبینی بۆ ٤ بگۆڕی سەرەکیی ئابووریی ئێران لە ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی ڕایگەیاندبوو: گەشەی ئابووری لە ساڵی نوێدا وەک بگۆڕێکی سەرەکی دەبێتە ٣/٧٪، لە حاڵێکدا کە ئەم ناوەندە بۆ ساڵی ٩٥ پێشبینی کردبوو کە ٧/٢٪ بێت.

هەروەها سەبارەت بە بگۆڕی هەڵاوسان، لە ناوەندی لێکۆڵینەوەکان باس لەوە کرابوو: لە ساڵی نوێدا ئاستی هەڵاوسان دووبارە بەرز دەبێتەوە و لە ٩/١٪ی ساڵی ٩٥ەوە بۆ ١٠/٩٪ بەرزبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێ.

بانکی ناوەندیی ڕێژیم لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا ئاشکرای کردبوو؛ ڕێژەی نەخدینەیی لە کۆتایی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوودا بە بەراورد لەگەڵ ڕێکەوتی هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو، گەیشتبووە ١١٩٦هەزار و ٦٠٠ میلیارد تمەن کە دەرخەری گەشەی ٢٦٪یيە.

لە لایەکی دیکەشەوە سندووقی نێونەتەوەیی دراو پێشبینی کردووە، ئابووریی ئێران لە ساڵی داهاتوودا، واتە ٩٦، بەهۆی جێگر بوونی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک، لەباری گەشە کردنی ئابوورییەوە بەڕێژەی ٥٠٪ دابەزێت.

# سەرۆک کۆمارێکی کۆیلە یان تەداروکاتچی؟ بە چ نرخێک؟

عەلی مونەزەمی

لە سیستمی کۆماری ئاخوندیدا سەرۆک کۆمار دووهەمین پۆستی بەرزی بەڕێوەبەریە بە دوای ویلایەتی فەقیهـ. لە ڕاستیدا ئەو پۆستە وەک کلیل و سوپاپی پاراستنی ویلایەتی فەقیهە کە بە دروست کردنی کێبڕکێ لە سەر پۆستی سەرۆک کۆماری، لەبیری خەڵک دەبەنەوە کە پۆستی ڕێبەریی ڕێژیم پۆستێکی زیادەیە.

هەرچەند کە بۆ پۆستی سەرۆک کۆمارییش تەنیا مۆرەکانی ڕێژیم دەتوانن خۆیان بپاڵێون و خەڵکی جیابیر و جیائۆل لێی بێبەشن. گەییشتن بە پۆستی سەرۆک کۆماری لە ئێراندا و لە چارچێوەی ڕێژیمی دژەمرۆڤی، تووتالیتەر و بەدوور لە هەموو پرەنسیپە ئەخلاقی و ڕەوشتە ئینسانییەکان نەک لە سەر بنەمای دەنگی خەڵکە و نەش لە بەر لێوەشاوەیی و شایستەبوونە؛ بەڵکوو لە سەر بناغەی توانەوەی یەکجارەکییە لە نێو سیستمی ڕێژیمی ئاخوندیدا. بۆیە سەرۆک کۆمارەکانی ڕێژیم پێش گەییشتنیان بەو پۆستە، ڕۆحیان بە ڕێژیم یان باشترە بڵێین بە شەیتان دەفرۆشن و بۆ پاراستنی ئەو ڕێژیمە لە ئافراندنی هیچ جینایەتێک سڵ ناکەنەوە، تەنانەت لە بەکوشتدان و کوشتنی مناڵەکانیان. بۆیە ئەگەرچی ئەو پۆستە حکوومەتیە لەوانەیە لە ڕوانگەی هەندێک کەسەوە پۆستێکی بەرز بێ، بەڵام پووچیی ئەو یەکە بۆ مۆرەکانی ڕێژیم ئاشکرایە و بۆیە ئەوانەی کە خۆیان بۆ ئەو پۆستە کاندید دەکەن، خۆیان وا پێناسە دەکەن کە بە ڕوونی دەرکەوێ کە ڕێژیم هەموو نرخە مرۆییەکانیان لێ زەوت کردوون و بۆیە خۆیان بە تەداروکاتچی یان کۆیلەی وەلیی فەقیهـ دەزانن. دەبێ ڕێژیم چی لەو کەسانە کردبێ کە ئەوان ڕازی بکا شانازی بە نامرۆڤانەترین شت کە کۆیلەتیە بکەن؟ کەسێک کە شانازی بە کۆیلەبوونی خۆی بکا، چوون دەتوانێ خەڵک بە بەختیاری و ژیانێکی لایقی مرۆڤ بگەیەنێ؟ بۆ ئەوەی کە بتوانین لەو تێڕوانینەی بەربژێرەکانی سەرۆک کۆماریی ڕێژیم باشتر وردبینەوە، با لەپێشدا بزانین کە کۆیلەبوون و تەداروکاتچێتی چ مانایەکێکیان هەیە.

بە گوێرەی ویکیپێدیا کۆیلەداری یانی کەسێک لە بواری مافناسییەوە خاوەنی کەسێکی دیکە بێ و بتوانێ ئەو کەسە بفرۆشێ یان لە سەر هێزی کاری لەشی بڕیاردەر بێ. بە ئەو کەسەی کە وەک کەرەستەیەک بە کار دەهێندرێ و لە لایەن ئەرەستووەوە بە "کەرەستەی گیانلەبەر" پێناسە کراوە و "بەکارهێنانی لەگەڵ بەکارهێنانی ئاژەڵ هیچ جیاوازییەکی نیە"، کۆیلە دەوترێ، کە "هەر دووکیان ئەو ڕێگایەمان پێدەدەن کە ئێمە بۆ پێداویستییەکانی ژیان لە هێزی فیزیکیی ئەوان کەڵک وەربگرین". ئەو مافەی کە کۆیلەدار بە سەر کۆیلەوە هەیەتی، گرێدراوە بە زۆر مافی دیکەشەوە؛ بۆ نموونە ئەگەر کۆیلەدار هەڵسوکەوتی خراپ لە گەڵ کۆیلەکەیدا بکات، سزا نادرێ لە بەر ئەوەی کە خاوەنیەتی.

ڕۆمییەکان لە نیوان کۆیلەکان و بەکرێگیراواندا جیاوازی دادەنێن و بە گوێرەی بیر و باوەڕی ئەوان، کۆیلە کە کەرەستەیەکە، لە نووسینی وەسیەتنامە بێبەشە و ناتوانێ وەک شاهێد لە دۆسیەیەکدا شاهێدی بدات یان سکاڵا تۆمار بکات، بەڵام ئەگەر سەرپێچییەک بکات یان یاسایەک بخاتە ژێ پێ، دەبێ سزا بدرێ.

سیسێرۆ لەو بڕوایەدایە کە ئەگەر خەڵکێک تووشی تێکشکان هات و نەتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن، دەبێ ئەو خەڵکە بکرێنە کۆیلە. یانی بە بڕوای سیسێرۆ، کۆیلە کەسێکە کە توانای خۆبەڕێوەبردنی نەبێ.

کۆیلەداری لە لایەن زۆریەک لە ئایینە ئاسمانییەکانی وەک جیۆ، کریستیان و ئیسلامەوە ڕێگەپێدراوە و لە کتێبەکانیاندا ئاماژەی پێ کراوە.

ڕێگا بدەن کە بەو باسە کورتە لە سەر کۆیلە و کۆیلەداری، بڕێکیش بە کورتی باسی تەداروکاتچێتی بکەین تاکوو بتوانین بگەینە سەر پەیوەندیی نیوان ئەو دوو باسە و پاڵێوراوانی سەرۆک کۆماریی ڕێژیمی ئاخوندی.

تەداروکاتچێتی یانی ئەوەی کە کەسێک یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی کە کۆسپەکانی سەر ڕێگای کاری گرووپێک لاببات و ئاسانکارییان بۆ بکات کە ئەرکەکانیان بە سانایی تێپەڕێنن. یانی تەداروکاتچی بڕیاردەر نیە، بەڵکوو هاسانکاری دەکا کە ئەندامانی گرووپێک بتوانن بە تێگەییشتن و وێکگەییشتن لە سەر مەسەلەکان یان مەسەلەیەک بڕیار بدەن بۆ ئەوەی کە ئاکامێکی باشتر وەدەست بێ. یانی تەداروکاتچی بە خاوەنکار یارمەتی دەدات کە کارەکەی لە ڕێگەی هەندێک مێتۆدەوە بەڕێوە ببات کە بەشداران لە گەڵ یەک هاوکاری بکەن لە سەر ئەرکی دیاریکراو. ئەو هەوڵ دەدات لە کۆبوونەوەکاندا لە نێوان ئەرکە جۆراوجۆرەکاندا باڵانسێک پێک بێنێ لە جیاتی ئەوەی کە زۆر گرینگی یان پێشترێتی بە یەک ئەرک بدات لە بەرانبەر ئەرکەکانی دیکەدا. ئەو هەروەها سەرگێڕیی کۆبوونەوەکان دەکا و ئەوەی کە چ مژارێک لە کۆبوونەوەکاندا باس بکرێ.

ئێمە هەموومان باش دەزانین کە هەڵبژاردن لە سیستمی کۆماری ئاخوندیدا بە دوورە لە هەموو پرەنسیپە دێموکراتیکەکان و ئەوەی لە سەندووقەکانی دەنگدان دێتەدەرەوە، بە سێحر و جادووی ڕێبەرە. کە واتە، بەربژێرەکان بە زانیاریی تەواوەوە بە نیسبەت ئەو مەسەلەیە دێنەوە مەیدانی سیرک و شانۆی هەڵبژاردن. بە گوێرەی بەندی ٥ و ١٠٧ی یاسای بنەرەتیی ئێران، وەلیی فەقیهـ هەمەکارەی مەملەکەتە (کۆیلەدارە). ئەو بەندانە لە گەڵ بەندی ٦ کە باس لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵک دەکا بۆ بەڕێوەبەریی وڵات و ئەسلی ١٩ و ٢٠ کە باسی یەکسانیی نێوان دانیشتوانی ئێران دەکا، بە تەواوی ناتەبایە. یانی کۆیلەتی و تەداروکاتچێتی لە نێو کۆماری ئاخوندیدا هەر وا هاسان نیە و دەبێ وەها کەسێک خۆی لە هەموو نرخە مرۆڤیەکان بێبەش بکا و بگاتە ئاستی ئاژەڵ بەو تەعریفەی کە ئەرەستوو لە کۆیلەتی هەیبووە.

لەپێشدا دەبێ تەنانەت یاساکانی ئەو ڕێژیمە- کە تەنانەت ئەو یاسا نادێموکراتیک و نائینسانیانەش بۆ کڵاو لەسەر خەڵک نان نووسراون و سەرانی ڕێژیم بۆخۆشیان بڕوایان پێی نیە- بن پێ بکا. بۆ نموونە کەسانی وەک ڕۆحانی یان ڕەئیسی کەی بەندی ٢٢ی یاسای ڕێژیمیان جێبەجێ کردووە و پارێزڤانی ماڵ و گیان و نامووسی خەڵک بوونە؟ مەگەر هەر ڕەئیسی نەبوو کە خەڵکی لە سێدارە دەدا و ئێستاش لە سەر گەورەترین بونیادی ئابووریی بێ حیساب و کیتابی ئێران (آستان قدس رضوی) دانیشتووە و بۆ گەییشتن بەو جێگایەش لە هیچ جینایەتێک دەستنی نەپاراستووە؟ ڕەئیسی بە ڕاستی لە کەرەستەیەکی گیاندار زیاتر شتێک نیە. ئەو کەسەی کە حوکمی ئەشکەنجە و سێدارە و زیندانی بە نادادپەروەرانە بە سەر هەزاران کەسدا سەپاند و تەنانەت باوەڕی بە بەندی ٣٨ی یاسای ڕێژیمەکەی خۆیشی نییە و نەبووە، کە ڕێگری لەو جۆرە کارە نامرۆڤیانە دەکات. ڕێژیمێک کە ئێرانی لە گەڵ سووریە و لوبنان لێ تێکچووە و بەپێی قسە و ئاماری خۆیان "حاشیە نشینی" تێیدا لە ١٢ میلیۆنەوە گەییشتووە بە ١٦ میلیۆن و لە جیاتی جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانیان بە گوێرەی بەندی ٤٣ی یاسای خۆیان، خەریکن لوبنان ئاوەدان دەکەنەوە و سەرمایەی خەڵک بۆ شەڕ لە سووریە و یەمەن خەرج دەکەن. بۆ ئەوەی کە ڕێژیم بتوانێ باشتر ئەو پیلانانەی خۆی جێبەجێ بکا، پێویستیی بە تەداروکاتچیەکی وەک خاتەمی و ڕۆحانی هەیە کە هەولی پێکهێنانی هەماهەنگی لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەکاندا دەدەن و پیلانەکانی خامنەیی جێبەجێ دەکەن. ڕۆحانی کە بۆ گەییشتن بەو پۆستە، تەنانەت مناڵی خۆی کردۆتە قوربانی.

ئەو دز و جینایەتکارانە کە کۆیلە و تەداروکاتچیی ڕێژیمن بۆ ئەنجامدانی هەموو جینایەتێک. ئەوان تەنانەت خاوەنی هیچیەک لەو تایبەتمەندیانەش نین کە خودی ڕێژیم لە بەندی ١١٥ی یاسای بنەڕەتیی خۆیدا دەستنیشانی کردوون. هەموویان دز و درۆزن و جینایەتکارن.

کە واتە، ئەگەر پۆستی سەرۆک کۆماری کە یەکێک لە بەرزترین پۆستەکان لە سیستمی ئاخوندیدایە، کۆیلەتی و تەداروکاتچێتی بێ، گەلۆ ئێمە چۆن دەتوانین پێناسەیەک لە پۆستەکانی ئاستەکانی خوارەوە لە وەها سیستمێکدا بکەین؟ لە ڕاستیدا سیستمە تووتالیتێرەکان هەموویان وەک یەکن و لەو بوارەدا زۆر جیاوازییان نیە، لە بەر ئەوەی لەو پەری خۆیدا دەبن بە کۆیلە و تەداروکاتچی.







**هەڵبژاردن لە سیستمی کۆماری ئاخوندیدا بە دوورە لە هەموو پرەنسیپە دێموکراتیکەکان و ئەوەی لە سەندووقەکانی دەنگدان دێتە دەرەوە، بە سێحر و جادووی ڕێبەرە.**

ژێدەرەکان:
https://no.wikipedia.org/wiki/Slaveri
http://www.accretus.no/fasilitering.html
http://www.iranglobal.info/node/46020

## پەرویز ڕەحیم قادر لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستاندا

**ئا: شەهرام میرزایی**

**شی کردنەوەی هۆکاری شکڵ نەگرتنی دەسەڵاتی کوردی و دەوڵەت-نەتەوە لە سنوورێکی دیاری کراو بە ناوی کوردستان باسێکی هەرە گرینگی بزاڤی ڕۆشنبیرییە کە بێشک کۆمەڵە وەڵامەکانی ئەم بابەتە یەکێک لە پێویستیەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردە. بۆیە قووڵ بوونەوە لەم باسە بۆچی لەم سات و کاتەدا کە خەباتی گەلەکەمان پێی نیاوەتە قۆناغێکی نوێ بە ناوی "ڕاسان" زۆر گرینگ و بە جێیە، چوونکە دی نابێ هەڵە مێژووییەکانمان دووپات بکەینەوە. هەر لەم بوار و بەستێنەدا لەگەڵ "دوکتور پرویز ڕحیم قادر" پسپۆڕ لە زانستە سیاسییەکان و مامۆستای زانکۆ، وتووێژێکمان پێکهێناوە کە پێشکەشتان دەکرێ.**

**لە سەرەتای باسەکەماندا ئاوڕم لە مێژووی هاوچەرخی کوردستان دایەوە و ئەو پرسیارەم لە دوکتور پرویز کرد کە؛ ئێمە دەزانین لە سەرەتاکانی ئەم سەدەدا شۆڕشگەلێکی گەورە و مەزن دژ بە داگیرکەر لە باکووریترین خاڵی سنووری کوردستان هەتا باشووریترینی پێکهاتووە، کە نە تەنیا بەربڵاو بووە، بەڵکوو جەماوەر و هێزێکی بەرچاویشی لە پشت بووە و توانیویەتی داگیرکەر لە پێ بخات، بەڵام کورد بۆ نەیتوانیوە لەو سەردەمەدا جۆرێک یەکگرتوویی یان تەنانەت "ژووری شەڕ" بۆ بەدەست هێنانی مافەکان و بەدیهاتنی ئاواتەکانی پێک بێنی کە لە وەڵامدا گوتی:**

"هەرچەندە پێویستە بە شێوەیەکی ئەکادیمی و کۆمەڵناسانە و هەروەها لە ڕووی زانستی سیاسی، لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی تایبەت بە ئەو سەردەمەی کوردستان و ناوەند(ئێران) بکرێت لە چوارچێوەی گۆڕانکاری و کۆنتێکستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی، بەڵام دەکرێت کێشەکان بەسەر دوو فاکتەری "عەینی و زەینی"ی کوردا دابەش بکەین، کە تاوەکوو ئێستا بە ئاست و ڕێژەی جیاواز، بەردەوامە.

یەکێك لە کێشەکانی کورد نەبوونی یەکگرتوویەکی عەینی لە چوارچێوەی دەسەڵات، دامەزراوە یاخود ڕێکخراوێکی سەراسەری بووە. لە ڕاستیدا ئەمەش بۆ نەبوونی ڕەگەزە مۆدێڕنە ناسنامەییەکان(مادی و نامادی) دەگەڕێتەوە لەو سەردەمەدا کە درێژکراوەی مێژووی سیاسی-کولتووری و کۆمەڵایەتی بارودۆخی کورد/کوردستان بووە لە هەموو بەشەکاندا، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەلایەکی ترەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ کۆمەڵێك فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە کەلێن و لێکترازانەکانی کورد لەنێوان سنووری جوگرافیایی و ناوچە و عەشیرە و ئایین و مەزهەب، هۆکارێکی سەرەکی و گرنگی دیکەن، بەو مانایە کە؛ "کورد" وەکوو ئەمرێکی گشتی لەو سەردەمەدا، وەکوو ناسنامەیەکی یەکگرتوو و یەکانگیر لەدایك نەبووە.

هەروەها نابێت ئەوە لەبەرچاو نەگرین کە لە قۆناغێکدا کە دامەزراوە مۆدێڕنەکانی دەسەڵاتدارییە خۆییەکانی لە کوردستان لەدایك نەبووە، وەکوو ناوەندێکی چڕکراوە و هەڵچنراوی هێز و دەسەڵات، بەم پێیە لەم قۆناغەدا پێویستە کە ڕێبەرێك یاخود سەرکردەیەکی کاریزماتیك بوونی هەبێت (جا بە زەبری هێز یاخود لە ڕووی قەناعەتەوە زۆرینەی تاکەکان وەکوو ڕێبەر قبووڵی بکەن) کە ئەمەش لەم قۆناغەدا و تەنانەت لە قۆناغەکانی دواتریشدا بوونی نییە.

خاڵێکی‌تر، نەبوونی هۆکار و ئامرازەکانی پەیوەندی(بەپێی ئەو سەردەمە) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەنێوان ناوچە جۆراوجۆرەکان لە باکوورەوە بۆ باشوور، فاکتەرێکی دیکەی زۆر گرنگن بۆ دروستبوونی هەستی هاوبەش و پراکتیکی بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ یەکتری و دروستکردنی ڕێکخراوێکی هاوبەش و بەرگریکار لەهەمبەر هێرشی دەسەڵاتی ناوەند.

خاڵێکی زۆر گرنگی زەینی، نەبوونی هەست و ویست و ئیرادەی بەهێزی سەربەخۆییخوازی و دەرچوون لە ژێر سوڵتە و دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران(چ ئیمپراتۆری و چ پاشایەتی) بەمانا مۆدێڕنەکەی لە نێو کورددا بووە/هەیە. بەم مانایەی کە کورد بۆ جۆرێك لە ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران خەباتی کردووە(ڕاپەرین نەك شۆڕش بۆ سەربەخۆیی) نەك دامەزراندنی دامەزراوەی دەسەڵاتدارییەتی لە چوارچێوەی دەوڵەت-نەتەوەی سەربەخۆ، کە ئەمەش لە ڕاستیدا بۆ بارودۆخی دواکەوتوویی سیاسی و هزری و کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو سەردەمەی کوردستان دەگەڕێتەوە، سەرەڕای لێکترازانە جۆراوجۆرەکان.

کۆی ئەمانەش بەمانای ئەوەیە کە کورد لەو سەردەمەدا هێشتا ئاشنا و ڕووبەڕووی "مۆدێڕنیتە" نەبۆتەوە کە هەڵگری هەموو ئەو ڕەگەزانەیە تا ئەو کاتەی کە ئێرانی مۆدێڕن بنیات دەنرێت، ئەگەریش ئاشنابوونیکی هەبووە لەگەڵ ڕەهەند و بنەماکانی مۆدێڕنیتە، ئەوە زیاتر لە ڕێگەی نوخبەکانی ناوەند و زیاتریش لە ئاستی تاکەکەسی‌دا بووە.

هەروەها ژێرخانی ئابووریی کشتوکاڵی و ناسراو بە فیۆداڵی ڕێگرێکی گەورە بووە بۆ دروستبوونی ئەم یەکگرتووییە.

**من باسەکەم هێنایەوە سەردەمی کۆماری کوردستان و پەراوێز کەوتنی باشووری کوردستان – لە سەقز بەرەو خوار- و پرسیارم کرد کە؛ بۆچی کورد لە کۆماری کوردستان نەیتوانی لە دەسکەوتە نەتەوەییەکانی کۆمەڵەی (ژ.ک) بۆ نفووز لەو ناوچانە و کەڵک وەرگرتن لە ئەندامانی چالاکیان کە لە کاتی خۆیدا جەزبی کۆمەڵەی (ژ.ک) بووبوون، لە ڕاستای قازانجی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان کەڵک وەربگرێت؟**

وەڵامی بەڕێزیان ئەوە بوو کە؛ "هەموو ئەو هۆکار و فاکتەرانەی سەرەوە کاریگەر و بەردەوام دەبێت تا سەردەمی (ژ.ك) و دامەزراندنی کۆماری کوردستان، لەلایەکی ترەوە، ئاگایی و وشیاریی نەتەوەیی بە مانا مۆدێڕنەکەی تا ئەو سەردەمەش هەر لە چوارچێوەی وشیاری و هزر و ڕۆڵی نوخبە(دەستەبژێر)دا دەمێنێتەوە. کە یەکێك لە هۆکارەکانیشی دواکەوتوویی ژێرخانەکانی کوردستان و نەبوونی پەروەردەیەکی مۆدێڕن بۆ دروستبوونی هەستی نەتەوەیی بووە.

بۆیە دەتوانین ئێمە بڵێین بەهۆی لێکترازانە جۆراوجۆرەکان و زاڵبوونی شێوازێکی دواکەوتوو بۆ پەروەردە و فێرکردن و لەمەش گرنگتر نەبوونی پەیوەندییەکی بەردەوام و ڕاستەقینەی بەهێز لەنێوان ناوچەکانی کوردستان و دواکەوتوویی هۆکارەکانی گەیاندن و گواستنەوە و خاڵی جەوهەریی شێوازی بەرهەمهێنان و ئابووری لە کوردستان. ئەمەش لێکەوتەکەی ئەوە بووە کە هەر عەشیرە و ناوچەیەك بە شێوەیەك پێناسەی لە کوردبوون کردووە کە لەوانەیە بەپێچەوانەی یەکتر بووبێت.

لەمانەش گرینگتر نابێت ڕۆڵی وڵاتانی زلهێز لەو سەردەمەدا و دابەش کردنی ئێران لە نێوخۆیاندا لەبیر بکەین کە بەپێی پێکهاتەی سیستمی نێودەوڵەتی ئەو کاتە، ئێران بۆ ناوچەی نفووزی جیاواز لەنێوان خۆیان دابەشکراوە.

بۆیە بەگشتی فاکتەرە عەینی و زەینییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان کە پێکەوە کار لێکتر دەکەن فەرامۆش بکەین. بەم مانایە کە هەموو ئەوانە هۆکاری نەبوونی ڕێکخراو و دامەزراوەیەکی دەسەڵاتدارییەتی یاخود پارتێکی مۆدێڕنی کوردی بووە و بەپێچەوانەشەوە ئامادە نەبوونی ئەو فاکتەرە عەینی و زەینییانە بۆتە هۆی دروست نەبوونی دەسەڵاتداریەتی یاخود ڕێکخراوێکی سەرتاسەری لە کوردستان. بۆیە کورد وەکوو ئەکتەر یاخود بکەرێك دەرناکەوێت.

لێرەوەیە کە هێزی کورد پرشوبڵاوە بە ئاسانی سەرکوت دەکرێت و لەلایەن وڵاتانی زلهێزیشەوە گرنگی پێ نادرێت. چوونکە لە ڕاستی‌دا کەسێك یاخود ڕێکخراو و دەسەڵاتدارییەتێك نوێنەرایەتی زۆرینەی کورد ناکات. ئەم هۆکارانە بێجگە لە لێکترازانی مەزهەبی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو بەستێن و سەردەمەدا کە ڕێگرییەك بووە بۆ دروستبوون و زاڵبوونی هەست و ناسنامەی نەتەوەیی بەسەر ناسنامە و هەستی ناوچەیی و مەزهەبی. ئەم ناسنامەیەش هەر وەکوو کۆنستراکتیڤیستەکان دەڵێن، ئاسایش و بەرژەوەندی و ڕەفتاری هاوبەش دروست دەکات.

لەلایەکی ترەوە، بە بڕاوی من خاڵێك کە لە شیکردنەوەکان و خەسارناسی‌دا کەمتر گرینگیی پێ دەدرێت و ناکرێت بەهۆی نەبوونی ئەزموونی دەسەڵاتدارییەتی و پەروەردەی مۆدیرن فەرامۆش بکرێت ڕۆڵ و فاکتەری "جیاوازیی زاراوەییە" لە دروستنەبوونی پەیوەندییەکی پتەو بۆ کاری هاوبەش و لێكتێگەیشتن. چوونکە لە ئەو سەردەمەدا بەهۆی نەبوونی ڕاگەیاندن و پەروەردەی سەردەمیانە، کورد بوون بریتی بووە لە پرسێکی کولتووری (نەك سیاسی) و هەستێکی دوور و تەمومژاوی لە مێژوودا کە ناسنامەی کورد بەپێی زاراوە و ناوچە و عەشیرەتەکان پێناسەی بۆ کراوە. بە گشتی بێجگە لە فاکتەری هێزی دەرەکی و بەرژەوەندیی وڵاتان، ئەوە دواکەوتوویی لە هەموو ڕووەکانەوە گەورەترین هۆکار بووە بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی مۆدێرن دروست ببێت، بەو پێیە مرۆڤی کوردی سەربەخۆ لە "ناوچە، زاراوە و مەزهەب" لەدایك نەبووە کە لە چوارچێوەی ناسنامەیەکی مۆدێڕنی کوردی/کوردستانی، لانیکەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دووبارە خۆی پێناسە بکاتەوە و هەوڵی بەرگری و دەستەبەرکردنی ئازادی و مافەکانی و بنیاتنانی دەسەڵاتی خۆی بدات".

**لە درێژەی باسەکەماندا ئاوڕمان دایەوە لە سەردەمی ڕێبەری نەمرمان دوکتور قاسملوو و هاتنە سەر کاری کاک دوکتور -١٣٤٩ هەتاوی- کە بونیادێکی فیکری-ئستراکچری مودێڕن، زانستی و سازگار لەگەڵ بارودۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتی کوردستانی لەگەڵ خۆی هێناوەتە ئارا و بە پێی ئەو چوارچێوە خوێندنەوەی نوێی بۆ حیزبەکەمان کرد. لەم بەشەدا ئاماژەم کرد کە کاک دوکتور توانیی بەم کردەوە ئێستراتژیکە بزاڤی کوردی بکاتە ئاینەیەک کە هەموو کوردێک خۆی لەنێویدا ببینێتەوە و حیزبیش لە ناوچەیەک بەرتەسک نەمێنێتەوە، بەڵام دوای گەشەسەندنی ئاگری خەبات لە ساڵەکانی ٥٧ بەم لاوە، بۆچی لە لایەکەوە حیزب لە کرماشان و ئیلام بوونی زۆر کەمرەنگە و لە لایەکی دیکەشەوە چالاکانی سیاسی-کۆمەڵایەتی ئەو ناوچە خۆیان لە پارچەکانی دیکەدا وێنا دەکەن کە لە وەڵامدا گوتی:**

"بێجگە لەوەی کە ئەم بارودۆخ و هۆکار و لێکترازانانەی پێشووتر لە سەردەمی دوکتور قاسملووش هەر بەردەوام دەبێت و لێکترازانی ئایدۆلۆژی و هەلومەرج و بارودۆخی تایبەتی سیستمی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی ئێران و هەروەها سیاسەتە نوێیەکانی ناوەندیش بۆ پەرەپێدان بەم لێکترازان و ناکۆکییانە و ئاسمیلاسیۆن بە شێوەی نوێ و ئامراز و میکانیزمی جۆراوجۆر دێتە سەری. لەلایەکی تریشەوە بە هۆی ئەو سیاسەتانەی تاران، هەوڵی دروستکردن و بەهێزترکردن و بەدامەزراوەیی کردنی هەستی هاوبەشی ئایینی لەنێوان ناوەند و ناوچەکانی کرماشان و ئیلام دەدرێت/دراوە. هەرچەندە لەم چەند ساڵەی دواییدا و بەهۆی دەستپێڕاگەیشتنی تاکەکان بە ئامراز و میکانیزمە نوێیەکان وەکوو تۆڕی زانیاری و تێکنۆلۆژی و پەیوەندی، ئەوە هەستێکی نەتەوەیی بەهێز لەنێوان تاکەکان لەم ناوچانە بۆ زاڵبوون بەسەر لێکترازانە ناوچەیی، زاراوەیی و مەزهەبییەکان و دارشتنەوەی لەچوارچێوەی ناسنامەیەکی نەتەوەیی دروست بووە. هەروەها ئێمە نابێت ڕۆڵی لاوازی پارتەکانیش لەیاد بکەین کە وەکوو پێویست ئاوڕیان لەم پرس و لێکترازانانە نەداوە یاخود بە هۆی فاکتەرە عەینی و زەینییەکان گرنگییان بەم پرس و ناوچانە نەداوە و کاری پراکتیکیان بۆ نەکردووە و تەنها لە چوارچێوەی دروشمدا ماوەتەوە".

باسەکەمان لە سێ خاڵی وەرچەرخانی مێژووی گەلەکەمانەوە گەیاندە قۆناغی نوێی خەباتەکەمان —ڕاسان- و پرسیم؛ ئێستا کە حیزب دوای دوو دەیە دەیهەوێ لە پەراوێزی ڕووداوەکانەوە بۆ ناوەندی ڕووداوەکان هەنگاو هەڵگرێ، ئەم دیسکۆرسە نوێیە —ڕاسان- چۆن دەتوانێ "کەموکووڕییەکان، کەمکارییەکان و بۆشاییە زانستی-فکرییەکانمان لە باشووری کوردستان جوبران بکاتەوە؟ کە دوکتور پرویز بە تێڕوانینێکەوە گوتی: "ڕاسان دەتوانێت بە خەسارناسی و ڕەخنە لە کاری ڕابردوو و لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان لەلایەك و لەلایەکی ترەوە، ئاڵوگۆڕە قووڵە جیلی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری و سیاسییەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کاریگەرییان لە دروستبوونی وشیارییەکی نوێی نەتەوەیی، کار بۆ کەمکردنەوەی ئەم لێکترازانانە و زاڵبوون بەسەریانەوە بکات، بە سوود وەرگرتن لە ئامراز و میکانیزمە نوێیەکانی (تێکنۆلۆژی و زانیاری و پەیوەندی) بەردەستی هەموو تاکێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بۆیە چەقی خەباتی نوێی ڕۆژهەڵات لەشارەکانە و شاریش ناوەندی جووڵە و بەرگری و بەرهەمهێنانی بەها و مانا نوێیەکانی "کورد-بوونە". ئەم ناوچە و شارانەش لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خاوەنی سەرمایەیەکی وشیار و گەورەی مرۆیین بۆ خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

راسان دەبێت/پێویستە ببێتە ئەو گوتارە نوێیەی ڕزگاری و ئازادیی کوردستان کە هەموو ڕوانگە و تەنانەت ئایدۆلۆژییەکان و لایەنە سیاسییەکان لەخۆ بگرێت. ئەمە لەلایەك بە گۆڕانکاری لە میکانزیمی کارکردنی پارتەکان و نوێ بوونەوەی ڕێکخراوەیی دەکرێت و لەلایەکی ترەوە، بە سوود وەرگرتن لە بەرهەمهێنانی هزریی پسپۆڕان و نوخبەکانی کورد و خستنەبەردەم پارت و لایەنە سیاییەکان بۆ دروستبوونی ئەم دیسکۆرسە نوێیە جێبەجێ دەکرێت. بە مانایەکی‌تر، "ڕاسان" دەتوانێت/پێویستە نوێ بوونەوە و هەستانەوەیەکی هزری، سیاسی، کولتووری و ..هتد، بێت. چوونکە لە ڕاساندا کۆمەڵگەی کوردستان مەبەست و ئامانجە نەك ناوەند، بۆیە لێرەوە دەبێت/پێویستە مرۆڤی کورد لەچۆارچێوەی ناسنامە یاخود شوناس لەپاڵ ئاگایی ببێتە ئەکتەر و بکەرێك.

ڕاسان دووبارە بنیاتنانەوە، گەڕانەوەی بەرپرسیارییەتی و ناوەندییەتی بۆ تاك/نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەرانبەر پاسیڤ بوون و چاوەڕوانی بۆ ڕزگارکەر. ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە هەموو ئامراز و میکانیزمەکانی بەردەست دەکرێت کە هەموو تاکی کورد هەست بکات پێشمەرگەیە، بەڵام پێشمەرگەیەکی شار و ناسەربازی بۆ ڕزگاریی و ئازادیی و دەستەبەرکردنی مافەکان و پاراستنی کەرامەت و گەڕانەی شکۆی داگیرکراوی تاك/نەتەوەی کورد.

لە ڕاساندا کورد دەگاتە ئەو بڕوایە کە خاکەکەی داگیرکراوە و شوناسەکەی بە بارمتەگیراوە، بۆیە بنیاتنانی ناسنامە نەتەوەییەکەی لە ڕێگەی خەباتێکی سەردەمیانە دەتوانێت ئازادییە ئایینی و مەزهەبی و سیاسی و مەدەنییەکان لەپاڵ خوشگوزەرانی و دادپەروەری و یەکسانی بۆ دەستەبەر بکات. بۆیە ڕاسان بێجگە لە ئامراز و میکانیزمی سەردەمیانە، پێویستی بە هاتنەئارای عەقڵیەتێکی فرەڕەهەند و نوێ و مۆدێڕنە، بەمەبەستی ڕزگاربوون لە کۆت و بەندە دەستکردەکانی هزری مرۆڤی کورد چ لە ئاستی پارتەسیاسییەکان و چ لە ئاستی خەڵکی ئاسایی.



# پەرویز ڕەحیم قادر: ڕاسان، پێویستی بە هاتنەئارای عەقڵیەتێکی فرەڕەهەند و نوێ و مۆدێڕنە

# کورد فاکته‌ری یه‌کلاکه‌ره‌وه‌ له‌ ئاڵۆزییه‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست

## ئامریکا له سه‌ر بڕیاری ترامپ چه‌ک و چۆڵی بۆ هێزه‌کانی یه‌په‌گه نارد

ویلایه‌ته یه‌کگرتووه‌کانی ئامریکا له بڕیارێکدا چه‌کی قورسی ئامریکایی بۆ هێزه‌کانی یه‌په‌گه له سووریه به‌ڕێ کرد.
ڕۆژی سێشه‌ممه ڕێکه‌وتی ١٩ی بانه‌مه‌ڕی ١٣٩٦ی هه‌تاوی، دۆناڵد ترامپ مۆڵه‌تی ناردنی بۆ هێزه کوردییه‌کانی یه‌په‌گه ده‌رکردوو و ناردنی چه‌کی ده‌ست پێکرد.
به‌رپرسانی تورکیه دژایه‌تی توندی خۆیان به‌م بڕیاره پیشان دا به‌ڵام به‌رپرسێکی باڵای ئامریکا باسی له‌وه کرد که تورکیه له سه‌ره‌تاوه دژی پڕچه‌ک کردنی هێزه کورده‌کانی سووریه له لایه‌ن ئامریکاوه بووه، به‌ڵام دواتر ئه‌و پرسه‌ی قه‌بووڵ کردووه.
ڕه‌جه‌ب ته‌یب ئه‌ردۆغان سه‌رکۆماری تورکیه پاش سه‌فه‌ره‌که‌ی بۆ ئامریکا دانی به‌وه‌دا ناوه که نه‌یتوانیوه قه‌ناعه‌ت به ترامپ بێنێت که هێزه کورده‌کانی سووریه پڕچه‌ک نه‌کات.



## کورد به‌ره‌و سه‌ربه‌خۆیی ده‌چێت

به‌رپرسانی باڵای هه‌رێمی کوردستان ڕایگه‌یاندووه که خه‌ڵکی کوردستان خۆیان بۆ پرسی سه‌ربه‌خۆیی هه‌رێمی کوردستان ئاماده بکه‌ن و داواشیان له هه‌موو حیزبه سیاسییه‌کانی کوردستان کرد که هاوکار بن و ده‌رفه‌تی به‌شداریی کردن بۆ هه‌موو لایه‌نێک بڕه‌خسێنن.
ئه‌وه بۆ چه‌نده‌مین جاره که هه‌رێمی کوردستان باسی سه‌ربه‌خۆیی ده‌کات، ئه‌وه‌ش ناڕه‌زایه‌تیی به‌غدا، تاران و تورکیه‌ی به‌دواوه بووه.
به‌هۆی ئه‌وه‌یکه ده‌وڵه‌تی عێراق توانای ئه‌وه‌ی نییه به‌سه‌ر کێشه و قه‌یرانه‌کاندا سه‌رکه‌وێت و ناتوانێت دژی تیرۆریزم شه‌ڕ بکات، و هه‌روه‌ها یه‌کگرتووییه‌ک له گوتاری به‌رپرسانی باڵای سیاسیی ئه‌و وڵاته‌دا بوونی نیه، هه‌رێمی کوردستان داوای سه‌ربه‌خۆیی ده‌کات و له‌و پێوه‌ندییه‌شدا، وڵاتانی ناوچه‌که وه‌ک تورکیه و وڵاتانی عه‌ره‌بی، پشتیوانییان له سه‌ربه‌خۆیی هه‌رێمی کوردستان ده‌ربڕیوه.
له‌و پێوه‌ندییه‌دا هه‌نووکه به‌رپرسانی هه‌رێمی کوردستان ئاماده‌کاریی بۆ ڕێفراندۆمی سه‌ربه‌خۆیی ده‌که‌ن و هه‌روه‌ها چه‌ند وڵاتیش نوێنه‌ری خۆیان بۆ ڕێفراندۆم ئاماده کردووه.




ئه‌لبورز ڕووئین ته‌ن

هه‌ر چه‌ند ئاڵۆزی له ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاستدا بابه‌تێکی نوێ نییه و له سه‌د ساڵی ڕابردوودا به‌رده‌وام ئه‌م ناوچه چه‌قی ناکۆکییه‌کانی نێوان زلهێزه‌کان بووه. هه‌روه‌ها کاتێ یه‌کێک له‌و زلهێزانه له‌گه‌ڵ هێزێکی ناوچه‌یی کێشه‌ی هه‌بێ، ئاڵۆزییه‌کان دووهێنده ده‌بن. ئه‌گه‌ر ئاڵۆزییه‌کانی نێوان وڵاتانی ناوچه‌شی پێوه زیاد بکه‌ین، ئه‌وکات باشتر ده‌زانین بۆچی کوشتوبڕ و شه‌ڕ له‌و ناوچه‌یه‌دا به‌رده‌وامه.
دابه‌ش بوونی وڵاتانی ناوچه هه‌ر له‌و سۆنگه‌وه پێش شه‌ڕی جیهانیی یه‌که‌م ده‌ستی پێکرد و تا ساڵانێکی درێژ ئه‌و دابه‌شکردنه هه‌ر به‌رده‌وام بوون. له‌و نێوه‌دا ئه‌وه‌ی به‌رده‌وام بۆته قوربانیی ئه‌و ناکۆکییانه، خه‌ڵکی ناوچه‌که‌ن و له‌و نێوه‌دا کورده‌کان پشکی زۆرینه‌یان وه‌به‌ر که‌وتووه، چوونکه وێڕای دابه‌شبوون به‌سه‌ر چوار ده‌وڵه‌تدا، به ده‌یان شۆڕشی ئه‌و نه‌ته‌وه بۆته قوربانیی هاوکێشه ناوچه‌ییه‌کان و زلهێزه‌کان. ڕێکه‌وتننامه‌کانی وه‌ک سایکس - پیکۆ نمونه‌یه‌کی باشن بۆ ئه‌و بابه‌ته.
به‌و پێشه‌کییه‌وه، دوای زیاتر له یه‌ک سه‌ده له ده‌ستپێکردنی ئاڵۆزییه‌کان له ناوچه‌دا، ئاڵۆزیی ئه‌مڕۆش گرنگییه‌کی تایبه‌تیی بۆ ئێمه هه‌یه، چوونکه دیسان ئه‌وه‌ی به فاکته‌ری سه‌ره‌کی بۆ قوربانیدان یا گه‌یشتن به مافه‌کانی ڕۆڵ ده‌گێڕێ کورده.
ناتوانین هه‌موو ئه‌و خه‌سارانه‌ی له مێژوودا به‌ر کورد که‌وتووه و ئه‌و قوربانییه‌ی بۆ گه‌یشتن به ئامانجه‌کانی داویه‌تی، ته‌نیا به کێبڕکێی زلهێزه‌کان و دڕه‌نده‌یی وڵاته‌کانی ناوچه‌ی بزانین، به‌ڵکوو ده‌بێ به‌شێکی زۆری ئه‌و گرفته بۆ یه‌ک نه‌بوون و ڕێکنه‌که‌وتن له نێوان خۆشمان بگه‌ڕێنینه‌وه. له‌به‌ر نه‌بوونی ئه‌و یه‌کنه‌بوونه‌شه که نه‌مانتوانیوه ئه‌و هێزه دروست بکه‌ین که ببێ به گه‌ره‌نتییه‌ک بۆ پاراستنی مافه‌کانمان له سه‌ر خاکی خۆمان.

به‌ڵام ئێستا دوای ئه‌و هه‌موو ساڵه پێویسته سه‌رله‌نوێ هاوکێشه‌کان بخوێنینه‌وه، یه‌کبگرین و هه‌وڵ بده‌ین له هه‌موو هێزمان که‌ڵک وه‌رگرین بۆ دابین کردنی سه‌د ساڵی تری بێ قوربانیدان. بۆ نه‌ته‌وه‌ی کورد ئه‌و پرسه‌ش زۆر گرنگه که ده‌بێ هه‌موو سه‌رکردایه‌تیی سیاسیی کورد هه‌ست به‌و گرنگیه بکات، ئه‌گه‌ر هه‌ستی پێ‌نه‌کات ئه‌وا تووشی داهاتوویه‌کی نادیار و له‌وانه‌یه ڕه‌شیش بێت.
ئه‌وه‌ی زیاتر ئاڵۆزیی ئه‌و هاوکێشانه‌ی دروست کردووه، دیار نه‌بوونی ڕۆڵی هێندێک له هێزه‌کانه که به‌رده‌وام به‌سه‌ر به‌ره‌کاندا دابه‌ش ده‌بن و له نێوان ئه‌م به‌ره و ئه‌و به‌ره‌دا هاتوچۆ ده‌که‌ن که ئه‌و بابه‌ته وایکردووه بۆ به‌رژه‌وه‌ندیی کاتیی خۆیان نه‌توانن ستراتیژییه‌کی درێژخایه‌نی نه‌ته‌وه‌یی دابڕێژن. هه‌ر بۆیه‌ش پێویسته ئێمه‌ی کورد چه‌ند هه‌نگاوێک ڕه‌چاو بکه‌ین بۆ هه‌بوونی سه‌د ساڵی گه‌ش له داهاتوودا.
هه‌نگاوی یه‌که‌م که زۆر گرنگه ئه‌وه‌یه که؛ کورد زیاتر له دابه‌شبوون به‌سه‌ر به‌ره‌کاندا کار بۆ هه‌بوونی به‌ره‌یه‌کی کوردی هاوده‌نگ و یه‌کڕیز بکات، ئه‌وکات ڕۆڵ و فاکته‌ری کورد زیاتر به‌رچاو ده‌بێت. ئێمه‌ی کورد ده‌بێ هه‌ست به گرنگیی خۆمان بکه‌ین و له‌گه‌ڵ خۆمان ڕێکبکه‌وین و خاوه‌نی ستراتیژییه‌کی نه‌ته‌وه‌یی بین، ئه‌و کات به هۆی پێویستیی به‌ره‌کان به ئێمه، باشتر ده‌توانین به ئامانجه‌کانمان بگه‌ین.
بنه‌ماییترین ئه‌رک له‌و هه‌نگاوه‌دا ئه‌وه‌یه که هه‌موو هێزه‌کان له‌سه‌ر ئه‌و بابه‌ته ڕێک‌بکه‌ون که ده‌ستێوه‌ردان له پارچه‌کانی دیکه ڕابگرن و به دژی به‌رژه‌وه‌ندیی گشتیی پارچه‌یه‌کی دیکه کار نه‌که‌ن، ئه‌وکات گه‌یشتن به خاڵی هاوبه‌ش و ڕێککه‌وتن زۆر ئاسانتر ده‌بێت. له بارودۆخێکی وه‌هادا کوردیش ده‌بێت به به‌ره‌یه‌کی دیاری ناوچه وه‌ک تورک و شیعه و ناتوانرێت وا به ئاسانی داخوازییه‌کانی پشتگوێ بخرێن.
هه‌نگاوی دووه‌م؛ خوێندنه‌وه‌ی دروست بۆ به‌ره‌کانی وه‌ک ڕووسیه و ئه‌مریکایه. پێده‌چێ به خوێندنه‌وه‌یه‌کی دروست بۆ ئه‌و به‌رانه، باشتر بتوانین له ئه‌و بابه‌ته تێبگه‌ین که کام به‌ره ده‌توانێ زیاتر خزمه‌ت به گه‌لی کورد بکات و تا ئه‌و شوێنه‌ی که به قازانجی کورد بێت له‌گه‌ڵ ئه‌و به‌رانه‌دا بجوڵێینه‌وه باشتر ده‌بێت.
لێره‌دا ده‌بێ چه‌ند ڕاستییه‌کی به‌رچاو باس بکه‌ین. به‌ره‌یه‌ک که ئێران و ئه‌سه‌دی تێدا بێت گارانتیه‌ک نادات بۆ پشتیوانی له مافه‌کانی کورد، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر هاوکارییه‌کی کاتییش بکرێن ته‌نیا بۆ مه‌به‌ستی تایبه‌ته. چوونکه هه‌بوونی ئێران وه‌ک دوژمنی سه‌ره‌کیی مافه‌کانی کورد له ناوچه و له ئێراندا که تا ئێستاش دیکتاتۆرییه‌که‌ی ڕێگه نادات کورد مافه‌کانی ده‌سته‌به‌ر بکات. ئه‌و بابه‌ته گه‌وره‌ترین به‌ڵگه‌یه بۆ نه‌بوونی ئه‌و گارانتییه.
له لایه‌کی دیکه‌وه پێدانی چه‌ک جا چه‌ندیش پێشکه‌وتوو یا چه‌کی قورس بێت له‌لایه‌ن به‌ره‌ی ئه‌مریکاوه به هه‌ر لایه‌نێکی کورد نیشانه‌ی پشتگیری له کورد به ته‌واوی مانا نییه. ئێستاش کورد ئه‌و هه‌ڵه‌ی هه‌یه که چه‌ک به داخوازی یه‌که‌می خۆی ده‌زانێ، ئه‌و بابه‌ته بۆ زلهێزه‌کان زۆر ئاسانه که ئه‌مڕۆ چه‌ک بده‌ن به هه‌ر هێزێک که شه‌ڕیان بۆ بکا، به‌ڵام دواتر چه‌نده ئه‌و پشتیوانه لۆجستیکه ده‌بێت به پشتیوانی سیاسی یا ئه‌وه‌ی به هۆی هه‌بوونی په‌یوه‌ندی و به‌رژه‌وه‌ندیی وڵاتانی ناوچه دیسان کورد پشتگوێ بخرێ جێگه‌ی گومانه، چوونکه ئێمه ئه‌و ئه‌زموونه‌ی ئه‌مریکا له زۆر شوێن دیتومانه که چه‌ک ده‌دات و دواتر ده‌بێ به دوژمنی سه‌ره‌کییش.
هه‌نگاوی سێیه‌م؛ کار کردنه بۆ په‌یوه‌ندی و ڕێککه‌وتنێکی سه‌قامگیر له‌گه‌ڵ وڵاتانی زلهێز و ته‌نانه‌ت ناوچه‌یش، چوونکه ئه‌و پرسه ده‌بێته هۆکاری ئه‌وه زیاتر پشتیوانیی زلهێزه‌کان بۆ لای خۆمان ڕابکێشین، ئه‌و کات ئه‌و دژایه‌تییه‌ی که وه‌ک مه‌ترسی هه‌یه زۆر که‌متر ده‌بێت.
بۆ سه‌لماندنی ئه‌و بابه‌ته نموونه‌یه‌ك پیشان ده‌درێ. ئه‌گه‌ر گفتوگۆکانی ئاشتی له باکووری کوردستان و تورکیه به‌رده‌وام بان و دواتر ساڵح موسلیم وه‌ک هه‌میشه له ئیستانبول لێدوانی ڕۆژنامه‌وانیی بدابا، ئێستا ناوچه‌ی دژه فرێنی ڕۆژئاوا زۆر ئاسانتر دروست ببوو له سێ کوچکه‌ی کورد و ئه‌مریکا و تورکیه و بۆ به‌ده‌ست هینانی به‌رژه‌وه‌ندیی زیاتر بۆ کورد، ده‌مانتوانی که‌ڵکی زیاتر وه‌رگرین. به‌ڵام ئێستا به هۆی ئه‌و سیاسه‌ته هه‌ڵه‌یه سه‌رانی هه‌ده‌په له زیندانن و هه‌روه‌ک "ئاڵتان تان" نوێنه‌ری هه‌ده‌په له دیاربه‌کر به ڕوونی ئاماژه‌ی پێدا، پشتیوانیی کورد له ئه‌ردوغان بووه هۆی سه‌رکه‌وتنی ڕێفراندۆم که زۆر هه‌ستیار بوو بۆ ئه‌ردوغان و بۆ کوردیش شتێکی تێدا نه‌بوو. هه‌وره‌ها ئه‌گه‌ری توندتر بوونی شه‌ڕی ماڵوێرانکه‌ر له نێوان په‌که‌که و تورکیه له ئارادایه که پێده‌چێ بۆردمانی ڕۆژئاوا و باشوور زیاتر ببێت. زیانی ئه‌و شه‌ڕه به پارچه‌کانی دیکه به‌تایبه‌تی ڕۆژئاواش ده‌گات.
له بارودۆخێکی وه‌هادا که لێکه‌وته‌ی هه‌ڵه‌ی ستراتیژیک و سیاسی ڕوونه، ده‌بێ وه‌ک ئه‌زموونێک سه‌یر بکرێن، نابێ کورد به وه‌رگرتنی چه‌ک سه‌رخۆش بێت، چوونکه دیار نییه دوای ئازادیی "ڕه‌قا" یا ڕووداوێکی تری دیپلوماتی، چه‌نده ئه‌و پشتیوانییه به‌رده‌وام ده‌بێ.
لێره‌دا هه‌نگاوێکی دیکه گرنگه، که ده‌بێ وڵاتانی ناوچه بۆ گه‌یشتن به ئارامی و سه‌قامگیریی ناوچه بیهاوێژن، ئه‌ویش به‌شێک له‌و وڵاتانه به هیچ شێوه‌یه‌ک له به‌رنامه‌یاندا نییه. ئه‌و هه‌نگاوه‌ش ڕێککه‌وتن له‌گه‌ڵ کورد و پشتیوانی له مافه دێموکراتیک و ڕه‌واکانه، ئه‌گه‌ر نا هیچکات ئه‌و وڵاتانه ڕوی ئارامی به خۆیانه‌وه نابینن. به‌رده‌وام هه‌موو هیزێک که ده‌کرێ بۆ پێشخستنی وڵات به‌کاربهێنرێ، بۆ شه‌ڕ و ماڵوێرانی به‌کارده‌برێ که ئه‌و شه‌ڕه دامێنی خۆشیان ده‌گرێته‌وه و زیانه‌که‌شی ته‌نیا بۆ کورد نییه، به‌ڵکوو خۆشیان خه‌ساری قورسیان به‌رده‌که‌وێ.
له‌به‌رچاوگرتنی ئه‌و هه‌نگاوانه بۆ ده‌سته‌به‌رکردنی مافی کورد پێویسته و زۆر ڕوونه ئه‌گه‌ر خۆمان پێشقه‌ده‌م نه‌بین له کار کردن له ئاراسته‌ی ئه‌و ستراتیژییه، سه‌رکه‌وتنی کاتی یا بانگه‌شه‌ی ڕاگه‌یاندن ناتوانن داهاتوویه‌کی ڕوون بۆ کورد دابین بکه‌ن.



# هەڵبژاردن لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەزموونێکی ئەزموون کراو




**ناسر سالحی ئەسڵ**

پاش هەراوهوریایەکی زۆر، دوازدەهەمین خولی سەرکۆماری و پێنجەمین خولی هەڵبژاردنی شۆراکانی شار و گوند لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لە ڕۆژی ۲۹ی بانەمەڕی ۱۳۹۶ی هەتاوی بەڕێوە چوو. هەڵبژاردنێك کە ڕێژیم لە چەند ساڵ پێشترەوە بۆ بەڕێوەبردنی و کێشانی خەڵك بۆسەر سندووقەکانی دەنگدان پلانی دارشتبوو. لەم وتارەدا هەوڵدەدرێ تیشك بخرێتەسەر چۆنیەتیی تیۆریزە کردن و بەڕێوەبردنی شانۆی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و جارێکی دیکە لەگەڵ لایەنەکانی چەواشەکاری و فریودەرانەی ئەم شانۆگەرییە ئاشناتر بینەوە.

۱- هەڵبژاردن بە چ مەبەستێك؟

ئەگەر قبووڵ بکەین کە لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیکدا بەشداری کردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بە مانای بەشداری کردنە لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات و وڵاتدا، ئەوە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا چوونکە ڕەوایی خۆی لە ئاسمانەوە وەردەگری و خەڵك لە ڕەواییدان بەم دەسەڵاتە هیچ ڕۆڵێکیان نییە، بەشداری لە هەڵبژاردندا تەنیا بەڕێوەبردنی ئەرکی شەرعی، پەیمان نۆی کردنەوە لەگەڵ وەلی فەقیهـ و" مقبولیت» دان بە ڕێژیم، پێناسە کراوە. خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم هەر لەو ماوەیەدا لە زانکۆی نیزامیی سپای پاسداراندا گوتی: "بۆ من گرنگ نییە کێ دەنگ دێنێتەوە، بەڵکوو بۆ من بەشداربوونی زیاتری خەڵك لەسەر سندووقەکان گرینگە". هەر بۆیە بەشداری لە هەڵبژاردن و دەنگدان لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا، بەشدارییەکی دێموکراتیك نییە. چوونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر کۆمەڵە بنەمایەك دامەزراوە کە هیچ باوەڕێکی بە ئازادی و دێموکراسی و هەڵبژاردنی ڕوون نییە، بەڵکوو تەنیا دەنگدەرانی بۆ ڕازاندنەوەی ڕیزی خەڵك لەسەر سندووقی دەنگدان دەوێت. هەروەها خاڵی گرنگتر لەو ئەوەیە کە؛ لە بەرنامەی کاندیداکانی خولی دوازدەهەمی سەرکۆماریدا هیچ حیسابێکی بۆ نەتەوەکانی ئێران نەکردووە و تەنیا بۆ پرۆپاگەندەی هەڵخلەتێنەر کەڵکیان لە نەتەوەکانی ئێران وەرگرت و بە هێندیان نەگرتوون. ئەو بە هێند نەگرتنەش جیا لەوەی کە باری ئیدئۆلۆژی هەیە، بۆتە یاسا و وەك ئەسڵ لە یاسای بنەڕتیدا گونجێندراوە. لە سیستمێکدا کە بەپێی بەندی۱۱۵ی یاسای بنەڕەتی، بەشێکی زۆری گەلانی ئێران و ژنان لە خۆ پاڵاوتن بۆ پۆستی سەرکۆماری بێبەش کراون. چوونکە بەپێی ئەسڵی ۱۱۵ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە غیری شیعەی دوازدە ئیمامی، پێڕەوانی مەزهەبەکانی سوننە، مەسیحی، یەهوودی، زەرتشتیی، بەهایی و شیعەی ۷ ئیمامی و ژنان بۆ پۆستی سەرکۆماری مافی خۆ پاڵاوتنیان نییە. هەروەها بەپێی بەندەکانی ۵ و ۹۹ و ۱۱۰ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمی ئیسلامی، هەم شۆرای نیگابان دەتوانێ هەڵبژاردنی سەرکۆمار هەڵوەشێنێتەوە و هەم ڕێبەری ڕێژیم کە نوێنەری ئیمامی زەمان لە سەر زەوییە و دەتوانێ لە واژۆکردنی حوکمی سەرکۆماری هەرچەند بە دەنگی خەڵکیش هەڵبژیردرابێ، خۆ بپارێزێت. کاندیداکانی سەرکۆماری تەنیا لەسەر مادەی ۱۵ی یاسای بنەڕەتی مانۆڕی تەبلیغاتییان دەدا و بەڵێنیان دەدا، بەتایبەت حەسەن ڕۆحانی کە نەتەوەکانی ئێران فێری خوێندن و نووسین "نەك خوێندن بە زمانی کوردی" بە زمانی زگماکی خۆیان بن. کە وابوو هەڵبژاردن لە وەها دەسەڵاتێکدا جگە لە ڕەواییدان بە دەسەڵاتی وەلی فەقیهـ، هیچ واتایەکی دیکەی نییە.

هەر بۆیە هەڵبژاردن لە وەها سیستمێکدا بە مانای ڕەوایی دان بە دیکتاتۆریەتی ویلایەتی فەقیهـ و پێوەندیی بە مافی دەنگدان و بەشدارییەکی دێموکراتیك و بەتایبەت بە چارەنووس و داخوازییەکانی نەتەوەکانی ئێرانەوە نییە. تەنانەت ئەگەر سەرکۆماری هەڵبژیردراو بیهەوێت ئاڵوگۆڕ و ڕیفورم لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بکا، بە هوی بوونی کەسیکی وەك وەلیی فەقیهـ و یاسایەکی بنەڕەتیی نادێموکراتیك توانای گۆڕان و ڕیفورمی نییە. کە وابوو مەبەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە وەڕێخستنی هەڵبژاردن، تەنیا بەشداری پێکردنی خەڵکە بۆ ڕازاندنەوەی سندووقەکانی دەنگدان و وەدەستخستنی ڕەوایی لە بیروڕای گشتیی جیهاندا. دوای ۳۸ساڵ ئەزموون کردنی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، دەبێ بەو قەناعەتە بگەین کە ئەو جورە هەڵبژاردنە هیچ قازانج و پێوەندییەکی بە ماف و داخوازییەکانی نەتەوەکانی ئێرانەوە نییە. چوونکە تەنانەت ئەو کەسانەی چ لە ڕابردوو و چ لە ئیستادا کە وەك سەرکۆمار دیاری کراون و دیاری دەکرێن، دەبینین بەشێکیان لە سیما دیارەکانی پشتیوانانی تێرور و تێروریزمی دەوڵەتین و تەنانەت ڕۆڵیان لە تیرۆر کردنی کەسایەتییەکانی بەرهەڵستکاری ڕێژیم و بەتایبەت لە تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەبووە و لەلایەن دادگاکانی ڕۆژئاواوە حوکمی دەستگیرکردنیان هەیە.

۲- هاوکات کردنی دوو هەڵبژاردن:

پاش ملدان و چوكدادانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دانووستان لە سەر دۆسیەی چەکی ناوکی لەگەڵ وڵاتانی ۵+۱ بە هۆی ئەوەوە بوو کە لەلایەك کۆڵەکەکانی سەروەری و دەسەڵاتی ڕێژیم لە تەواویەتی خۆیدا لەرزۆك ببوو و لەلایەکی دیکەوە هەستیان بە مەترسیی ڕووخانی دەسەڵاتەکەیان کردبوو. هەر بۆیە بە دوو هۆکاری گرینگ کەوتەکار تاکوو بتوانێت دوو ئامانجی سەرەکی بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن.

یەکەم: ئەوەی کە کۆڵەکە ڕووخاوەکانی ئابووری و سیاسی نۆژن کەنەوە تا شانۆگەریی هەڵبژاردنێکی هێمن و بێ کێشە وە پشت سەر بنێن.

دووهەم: سەرنجی خەڵك دووبارە بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان ڕابکێشنەوە و ڕەوایی لەدەست چووی خۆیان تا ڕادەیەك لەبەرچاوی جیهانیان وەدەست بێننەوە.

بۆ گەیشتن بەم دوو ئامانجە سەرەکییە دەوڵەتی حەسەن ڕۆحانی و دەزگا ئەمنیەتی و نیزامییەکان، هەموو هەوڵەکانی خۆیان وەگەڕ خست، ڕێگایان لە هەرچەشنە نارەزایەتی دەربڕینێکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان گرت و وێڕای گرتن و دەستبەسەر کردنی چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگی و ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەکەوە و لەلایەکی دیکەوە دژایەتی لەگەڵ دەربڕینی هەردەنگێکی نەیار لەگەڵ ویستەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و بە ڕاپێچ کردن و گرتنی دەیان کەس، خرانە بەندیخانە و تەنانەت کەسانی ڕۆژنامەنووس کە لە ڕۆژنامەکانی ڕێژیمدا کاری ڕۆژنامەگەرییان دەکرد، دەستبەسەر کران. تێکڕای ئەو کارانە بۆ هێور کردنەوەی ڕەوشی کۆمەڵگا و دامرکاندنی گڕکانی نارەزایەتییەکانی کۆمەڵانی نارازی بەڕێوەچوون. هاوکات ڕێژیم بۆ مانەوەی و درێژەدان بە دەسەڵاتی ڕەشی خۆی دەستەوەستان نەوەستا و بۆ شانۆگەریی هەڵبژاردن لە ۲۹ی بانەمەڕی ئەمساڵدا، کەوتە پیلانگێڕی و سیاسەتی فریودەرانە لەگەڵ گەلانی ئێراندا. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی باش دەیزانی کە بەو هەڵوێستە سەرکوتکەرانەی کە لەهەمبەر گەلانی ئێراندا گرتوویەتە بەر، ناتوانێ بە بێ کیشە هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شۆراکانی شار و گوند بەڕێوە ببات تاکوو وەکوو ساڵی ۱۳۸۸ی هەتاوی جارێکی دیکە هەڵبژاردنی سەرکۆماری نەبێتە ڕسوایی و پەتەی بۆ هەموو جیهانیان نەکەوێتە سەرئاو. هەر لەم ڕووەوە بە هێنانە بەرباسی ئەو تەوەرە کە هەڵبژاردنەکانی شۆرای شار و گوندەکان دەبێ هاوکات بکرێت لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆماری. پلانی ڕاکێشانی خەڵکی بۆ سەر سندووقەکانی خستە نێو دەستووری کارەوە. بە سەرنجدان بە بەڕێوە چوونی هەڵبژاردنەکانی شۆراکانی شار و گوند و ئەو کەش و هەوا ڕقابەتییەی کە بە هۆی بوونی چەند دەستەیی لە نێو خەڵکی شار و گوندەکاندا لە ئێران وەڕێ کەوتبوو، ڕێژیم زۆر زوو هەستی بەوە کرد کە ئەگەر بێت و ئەو هەڵبژاردنە لەگەڵ شانۆی هەڵبژاردنی سەرکۆماری هاوکات بکرێت، دەتوانێت ساردی و بێ مەیلیی خەڵك لەهەمبەر هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لەنێو گڕ و تینی کەشی ڕقابەتی هەڵبژاردنەکانی شۆرای شار و گوندەکاندا بشارێتەوە و بەو شێوەیە بە گوللەیەک دوو ئامانج کە هاتنی خەڵکە بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، بپێکێت. بەو شێوەیە لەلای بیروڕای جیهان وا خۆی بنوێنێت کە ئەو خەڵکە بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری هاتوون و حەماسەی سیاسی و ویستی خامنەیی ڕێبەریان هێناوەتەدی. هەر لەم ڕووەوە، ئەگەرچی ڕێژیم لە ئەساسدا ئامانجی هەڵبژاردنی سەرکۆماری بوو و هەڵبژاردنی شۆراکانی لە پلەی دووهەم دانابوو. بەڵام ئەگەر چاوێك بە نێو بەرنامەی کاریی ڕێژیم لە هەڵبژاردنەکاندا بخشێنین، زۆر بە ڕوونی ئەبینین کە بە پێچەوانە، ئامانجی سەرەکی شۆراکان بوون، چوونکە ئەوە شانۆی گەرمی شۆراکانە کە دەتوانێ دەنگدەری زیاتر بێنیتە سەر سندووقی دەنگدان، تا بیر و ڕای هەموو جیهانی پێ چەواشە بکات، نەك هەڵبژاردنی ساردی سەرکۆماری. لەم بارەوە بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بەو خاڵە بکەین کە بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو کە ژمارەیەکی کەم بەربژێری هەڵبژاردنی شۆڕاکان لە لایەن دەزگاکانی چاوەدێریی شۆرای نیگابانەوە پەسند دەکران، بۆ هەڵبژاردنی ئەمساڵی شۆراکان زیاتر لە چەند بەرانبەری ئەو ڕێژەیەی کە دەبوایە ببان بە شۆرا، ئیزنی پروپاگەندا کردنیان پێدرابوو (لە زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستان زۆربەی بەربژێرەکان لەلایەن ئەو دوو دەزگایەوە پەسەند کران) کە ئەم ئیزن دانەش ڕاست لە چوارچێوەی گڕ و تین دان بە شانۆی هەڵبژاردن بوو. ئەوە لەحاڵێکدا بوو کە بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ۱٦٤۸ کەس تەنیا ٦ کەسیان ئیزنی هاتنە ژوورەوەی نێو شانۆکەیان پێدرا و باقی ڕەت کرانەوە.

پاش ئەو هەموو پلانانەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بەڕێوەی برد، لەئاکامدا ڕۆژی ۲۹ی بانەمەڕی ۱۳۹٦ی هەتاوی شانۆی بەناو هەڵبژاردنەکان بەڕێوە چوو و ڕێژیم بە وەڕێخستنی کەش و هەوایەکی چەندبەرەکی لە زۆربەی شار و گوندەکانی ئێران و کوردستان، توانیی ژمارەیەك لە خەڵك بۆ هەڵبژاردنەکانی شۆراکان بێنێتە سەر سندووقەکان و لە ڕاستیدا شانۆی سەرەکیی هەڵبژاردن واتە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی پێ ڕازاندەوە. پاش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن هەموو کەس چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە لە ماوەی چەند کاتژمێر دوای هەڵبژاردن ئاکامەکان ڕابگەیەندرێت، بەڵام بەپێچەوانە ئەو ئاکامانە تا دواساتەکانی ڕۆژ بەتەواوی ڕانەگەیەندران کە هەر ئەم خاڵە دوو ڕوویی و ڕووهەڵماڵراویی ڕێژیم بۆ خەڵك زیاتر دەردەخات، لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئاخۆ ساڵی ۸۸ چلۆن نزیك بە ۳۰ میلیۆن دەنگ کە ڕێژیم ئیدعای دەکرد خەڵك خستویانەتە نێو سندووق لە ماوەی کەمتر لە چەند کاتژمێرێکدا خوێندرانەوە و ئاکامەکان بە زوویی ڕاگەیەندران، بەڵام ئەمساڵ هەر ئەو ڕێژەیە ماوەیەکی هێندە دەخایەنێت؟

خالی کۆتایی ئەوەیە کە لەم قوناغە هەستیارەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە لە حالی گۆڕاندایە، هەڵبژاردن لە کەش و هەوایەکی ئارام و بێ کیشە، زۆر بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گرینگ بوو. چوونکە پێویستی بە کەسێکە کە هەم سیاسەتێکی نەرم و نیانی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە و بەتایبەت لەگەڵ ڕۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبی و جیران و سیاسەتی سەرکوت و خەفەقان لە نێوخۆی وڵاتدا پێڕەو بکا، هەبوو. هەروەها دانی وادە و دروشمی چاك کردنی بژیو و ژیانی خەڵك و سەقامگیرکردنی ئابووریی وڵات، لایەنێکی دیکەی سیاسەتی ڕێژیم بۆ کێشانی خەڵکی زیاتر بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بوو. سەرەڕای ئەو هەموو پروپاگەندە درۆیینە لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە خەڵك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە پێشوازیی بایکۆتی حیزب و ڕێکخراوەکانەوە هاتن و بەپێی خودی ئامارەکانی ڕێژیم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕێژەیەکی کەم لە خەڵك بەشدار بوون، کە وابوو سەرەڕای وادە و بەڵێنییەکانی کاندیداکان بە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات بۆ ئەوە لە شانۆی هەڵبژاردندا بەشداری بکەن، بەڵام ئەو شێوە هەڵبژاردنە بۆ نەتەوەی کورد گرینگ نەبوو، چوونکە بەشداری کردن و دەنگدان لەم هەڵبژاردنەدا هیچ قازانجێکی بۆ خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تێدا نەبوو و نییە.

# خوێندنەوەیەک بۆ شێعری "بەڵێ! ئەی پێشمەرگە ڕەزاشیرینەکەم"

شەهلا دەباغی

ئەوەندەی نووسینەکانی پەری کەریمی‌نیام خوێندبێتەوە، پەری زیاتر چیرۆک دەنووسێ. مانگی ڕابردوو لە ئارشیوی ماڵپەرەکەیدا چاوم بە شێعرێکی پەری* کەوت:

بەڵێ! ئەی پێشمەرگە ڕەزاشیرینەکەم
لە یادی نەکەی کە چاوەکانت
بهێنیتەوە بۆ ماڵێ،
من جلێکی هەتاوی ئەکڕم
پڕ لە گوڵە بەڕۆژە
دەبێت چاوەکانت گوڵەکان خڕ کاتەوە
بەڵێ! ئەی پێشمەرگە دەستە پیاوەکەم
لە یادی نەکەی کە دەستەکانت
بهێنیتەوە بۆ ماڵێ،
ئێستا مناڵە شیرینەکەمان بە زەوقەوە
گاگۆڵکە دەکات
دڵسۆز، دەست لە ناو دەست دەستێکی بەرێ
بەڵێ! بەڵێ! ئەی پێشمەرگە هەنیەکەم،
لە یادی نەکەی کە لێوەکانت
بهێنیتەوە بۆ ماڵێ،
لە مارچدا، ئێمە ژیان دەبەخشینەوە بە
مانگە هەنگوینە پڕچێژەکەمان
من پێویستم بە لێوەکانی تۆیە کە بە
دەور لێوی تینوومدا مارش بڕوات.
لە یادی نەکەی
ئەمە بەس بیرهێنانەوەیەک نییە
من سواڵت لێدەکەم...
**دێسامبری ٢٠١٢**

لەو شێعرەدا داوای گەڕانەوەی خۆشەویستێک کە پێشمەرگەیە دەکرێ. داوا دەکرێ تا خۆشەویستەکە بە جەستەیەکی ساخ و تەواو بگەڕێتەوە، بە دەست و قاچ و چاو و لێو. داواکە ڕوونە: خۆشەویستەکە دەبێ "لە یادنەکا" کە گەڕاوە وا بگەڕێتەوە کە چاوەکانی بتوانن گوڵەبەڕۆژەکانی کراسە هەتاوییەکەی ژنەکە کۆکەنەوە. دەستەکانی باوکەکە بتوانن لەگەڵ منداڵەکەیان کایە بکەن. لێوەکانی پیاوەکە بتوانن لە دەوری لێوی تینوی ژن بە ماچ مارش بروا.

بە خوێندنەوەیەکی فێمینیستی ئەم دەقە، ڕووت و ئاشکرا باسکردن لە هەستەکانی ژنانە و هەستی جنسی بەرانبەر بە خۆشەویست بە تایبەت کاتێک باس لە کۆکردنەوەی گوڵەکانی کراس و مارشی ماچ دەکری، بەرچاوە. بەڵام خاڵی تازە لەبەراورد لەگەڵ کولتوری کوردیدا کە زۆر جار شاراوە بووە و لێرەدا وەڕوو دەخرێ ئەوەیە: بۆ یەکەم جارە ژنێکی نووسەر ڕاستەوخۆ داوای ئەوە دەکا کە ئیدی چیدی دوای شەڕەکان جەستەی شکاو و کەمئەندامی پیاو نەگەڕێتەوە و بەشی ژن هەر نەهامەتی نەبێ، بەڵکوو پیاوەکە بە تەواویی و ساخی بێتەوە. ئەو داوایەش بە پێچەوانەی دابی هەمیشەییە کە "هەر بگەڕێوە، گرینگ نییە قاچێکیشت نەبێ".

دیارە ئەو داوایە لەنێو ئەو دەقەدا چەند ڕوویەری هەیە:

یەکەم؛ لە ڕوانگەیەکی هۆمانیستییەوە گەڕانەوەی هەر ئینسانێک لە شەڕ بە ساخ و سلامەتی ئاواتی هەموو کەسێکە. ژنان بە گشتی لە هەموو جیهاندا دژی شەڕن. ئاکامە نگریسەکانی شەڕ گەرچی زیاتر مەرگی پیاوانی بەدوادا هاتووە، بەڵام زیاتر داهاتووی ژنان و منداڵان دەخاتە ژێر ڕکێفی نەحسی خۆی. ئێمەی کورد باشتر لە هەر کەس دەزانین جەنگ و زیندوو گەڕانەوەی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ چ مانایەکی گەورەی بۆ دایک، ژن، منداڵ، خزم و کەسوکار هەیە. ئینسان شادە بە گەڕانەوەی کەسەکانی لە بەرەکانی شەڕ، تەنانەت بە کەمئەندامی.

بەڵام لەو دەقەدا داوای ئەوە ناکرێت کە "بگەڕێوە تەنانەت کەمئەندام"، بەڵکوو بە پێچەوانەی داب، داوا دەکرێ کە گەڕانەوەیەکی ساخ و تەواوی جەستەیی بێ. ئەوەش نەک هەر بە خاتری هۆمانیسم و خۆشەویستی ئینسان، بەڵکوو بە خاتری خودی ژنەکە. بە خاتری هەستەکانی و بە خاتری مانەوەی ژیانێکی "پڕچێژ لە مانگە هەنگوینەکەدا" کە ژنەکە نیازی بە لێوەکانی پیاوە تا پڕی بکا لە ماچ، تا چاوەکانی پیاو گوڵەکانی کراسەکەی کۆکەنەوە و بگاتە جەستەی ڕووتی ژن.

ئیدی لێرەوە ژن ناپاڕێتەوە "تۆ هەر بگەڕێوە، گرینگ نییە..."، بەڵکوو ژنەکە دەست و چاو و لێوی پیاوەکەی بە ساخی دەوێ. دەنا ژنەکە چ لە جەستەیەکی برینداری کەمئەندام بکا؟

لەسەر ئەو بابەت و دەقە، لەگەڵ پەری زۆر لایەنمان تاوتوی کرد. پرسیاری سەرەکی من لە پەری ئەوە بوو: هاتوو "خۆشەویستەکەت" کەمئەندام گەڕایەوە، ئایا ئەو خۆشەویستییە نامێنێ یا نابێ بمێنێ؟ هاتوو خۆشەویستەکەت دەست و چاوی نەما و لێوەکانی شکڵ و فۆرمی لە ژێر کاریگەری ساچمە و فیشەک گۆڕا، چ دەبێ بکەین؟ ئایا هەستی ئینسانی نێوان دوو ئاشق بە جەستە و فۆڕمێکی تەواو و پێش شەڕ گرێدراوە؟ ئایا جەستەی دیفۆرمەی دوای جەنگەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پێوەندییەکان و ئەوینە؟ بە ڕاست ئەو هەستەی وا ناوی ئەوینە لە دەرەوەی جەستە و فۆڕمدا بوونی هەیە، یا جۆر و ماهییەتی ئەوین ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەری جەستە و جوانی دایە؟

یەک لە وەڵامەکانی پەری وەک نووسەر ئەوەیە: تا کەی ژنی کورد هەر ساحێبی نەهامەتی و جەستەی شکاو بێ، بۆ مەگەر ژن مافی نییە چێژ لە ژیان ببینێ؟

ڕەنگە هەر ئەو ترسەش بێ کە وا لە دەقەکە دەکا کە لەبەر خۆشەویستەکەی بپاڕێتەوە و سواڵی لێدەکا کە ساخ بگەڕێتەوە تا بتوانن پێکەوە بەردەوام بن لە ژیان و دەڵێ:

ئەمە هەر بیرهێنانەوە نییە
سۆاڵت لێدەکەم....

لێرەدا گرینگ ئەوە نییە کە ئێمە داوەریی بکەین و حوکم بدەین کە دەبا ئەو دەقە وا نووسرابا یان نەنووسرابا، ژن دوای کەمئەندامبوونی خۆشەویستەکەی بمێنێ یا نەمێنێ، بەڵکوو گرینگە ببینین کە ژنی کورد هەنگاو دەنێتە مەیدانێکی پڕ لە مینی حوکم و پێشداوەری. مەیدانێک کە تا ئێستا ژنی نووسەر خۆی بە پێی "نۆڕمەکانی نەتەوە" فورمولە کردووە، نەک لە پێگەی خواست و ئارەزووکانی خودی ژن. مەیدانێک کە ژن لەوێدا هەمیشە جوانیی جەستەیی بەرانبەرەکەی وەلاناوە و بە مانای ژیانێکی "پشتیوانی کراوی کولتوری" سەرەڕای هەموو نەهامەتیەکان ڕازی بووە. ئیدی لەو دەقەدا "کمال‌گەرایی" جەستەییە کە دەستی باڵا دەگرێ نەک "واڵاگەرایی هەستی نەتەوەیی" کە ژن دەبێ خۆی فیدا بکا.

ئەم دەقە، چەمکی نەتەوە و فیداکاریی فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو بە هیوای گەڕانەوەیەکی سەرکەوتوانە وێڕای جەستەیەکی ساخە. ئەم دەقە بۆ پێشمەرگە نووسراوە، کەواتە بەشێکە لە دەقی ژن بۆ پێشمەرگەی نەتەوەکەی.

ژنانی هەموو شەڕەکانی مێژووش ڕەنگە هەر ئەو ئاواتەیان بووبێ و تا شەڕی نگریس هەبێ ئەو پرسیارە بەردەوام کراوەیە کە هەر کام لە ئێمە ئەگەر بکەوینە دۆخێکی وەها، ئاخۆ چۆن مامڵە لەگەڵ گرفتەکە دەکەین. ئایا بە پای حورمەتی ئەوینی ڕابردوو دەمێنینەوە یا جەستەی شکاوی بەرانبەرمان کاریگەریی خۆی لە سەر جۆری پێوەندییەکانمان دەبێ.

دیارە هێنانی باسێکی وا "ئینتزاعی" کە ئەگەر خۆشەویستەکەت شەل و نابینا لە شەڕ گەڕاوە چ دەکرێ یا چ دەبێ بکرێ، هەرگیز لێرەدا وەڵام نادرێتەوە و پێوەندی نێوان ئینسانەکان زۆر لەوە بەرینتر و پێچوپوڵووچترە کە بە تاکە شێعرێک وەڵامی بدەینەوە. ڕەنگە نووسەری ئەم دەقە یا هەر کام لە ئێمە ئەگەر ڕۆژێک، لە کات و ساتێکی وادا ناچار بین بڕیاربدەین هەرگیز خۆشەویستەکەمان دوای شەڕ بە تەنیا جێ‌نەهێڵین، هەر چۆن نموونە یەکجار زۆرن. ڕەنگە واش نەبێ و ئەگەرچی پێشمەرگەکە ساخە، ژنەکە بەدوای ژیانێکی دیکەدا بڕوا و ئەوەش دیسان هەر وێنەی کەم نەبووە. پێوەندیی دوو ئینسان بێ شەڕ یا لە کاتی شەڕدا بە زۆر شتی دیکە بەستراوەتەوە. ئەوەی لەو دەقەدا گرینگە باس لە ئارەزووەکانی ژنانەیە بە پێچەوانەی داب و نۆڕمی حاکم.

*ئەو دەقە لە ئینگلیزی ڕا لەسەر داوای من هەر پەری کەریمی‌نیا خۆی کردوویەتی بە کوردی. دیارە نووسینی دەق زۆر ئاسانترە لە وەرگێڕانی دەقی خۆت.





Aye! My sweetheart Guerrill
Do not forget to back home your eyes
I will buy a sunny dress
Full of sunflowers
Your eyes must gather flowers.
Aye! My handsome Guerrilla,
Do not forget to back home your hands
Now our candy- baby is crawling over the moon
Heartfelt, hand in hand give him hands
Aye! Aye! My honey Guerrilla,
Do not forget to back home your lips
In March, we will give a birth to our delicious honeymoon
I will need your lips to march around my thirsty lips.
....Do not forget
it is not a reminder
...I am a beggar

پەری کەریمی‌نیا



## سکاڵای مامۆستا



ساڵەهایە دەردەبار و حەسرەتی فەرهەنگمە
نامرادی و ڕەنجی زانین ڕۆژ و شەو هاودەنگمە
ساڵەهایە مۆمی ژین و ئارەزووم دەتوێتەوە
چونکە کێشەی کۆن پەرەستی و باوەڕی شەوڕەنگمە
بیر و کردەی چاک و زانین، کوانێ نرخی بۆ نەزان؟
شێعر و ئازادی و هونەر چون سازی بێ ئاهەنگمە
گەر لە دنیا زانیاری و ڕێی قەڵەم پێشکەوتنە
لێرە بێکاری و هەژاری و ژینی ژار و ژەنگمە
بستە خاکێ، تیکە نانێ، حورمەتێ، نەمدی بە دڵ
ئەنبیام و ئەولیام و ناوی زل پارسەنگمە
باڵی فیشاڵ و درۆ ئەمباتە شانی ئاسمان
ناوی گەورە و شاری وێران باری لار و لەنگمە
ماڵ و کورسی گەورەکانم گەرم و نەرم و پڕ بەلاش
هەر هەموو پاشای بەڵێن و وادەیی سەد ڕەنگمە
من لە سایەی ئێوەدا قارروونی گەنجی حەسرەتم
ئاخی زستان، ڕەنگی پاییز، ژینی پڕ ئاستەنگمە
سەد نەهاتی هاتە ڕێم و کەس نەهاتە دادی من
دڵ بە کێتان خۆش بکەم گەر باری سەد مەن سەنگمە
دەرسی پاشکەوتن هەتا کەی؟ بەسیە بێدەنگی و درۆ!
ئەی مناڵان بۆ ژیانتان، ڕاپەڕن بەم زەنگمە

ڕەحیم لوقمانی

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:701 21 may 2017

رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


## سەرۆکی مافی مرۆڤی کوردستان ئازاد کرا



محەممەد سدیق کەبوودوەند چالاکی مافی مرۆڤ و سەرۆکی مافی مرۆڤی کوردستان لە زیندان ئازاد کرا.

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا ڕایگەیاند کە؛ ڕۆژی هەینی ٢٢ی بانەمەڕ، محەممەد سدیق کەبوودوەند، دامەزرێنەری ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان، پاش ١٠ ساڵ دەستبەسەری لە زیندان ئازاد کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢١ی بانەمەڕ، ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک لە پەیوەندی لەگەڵ ئازادیی کەبوودوەند ڕایگەیاند: سەرەڕای بەدواداچوونی بەردەوام، یاسای "کۆکردنەوەی تاوانەکان" سەبارەت بە دۆسیەی ناوبراو بەکار نەبراوە، بەپێی مادەی ١٣٤ی یاسای سزای نوێ، لە ئەگەری کۆکردنەوەی تاوانەکاندا، تەنیا حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی کەبوودوەند لەبەرچاو دەگیرێت و زیندانی ٦ مانگەی ناوبراو لەبەرچاو ناگیردرێت و تەنیا بە دانی بارمتە بە شێوەی کاتی ئازاد دەکرێت.

کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی دەستبەسەرکرانە خۆسەرییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بڕیارنامەیەکدا دامەزراندنی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان و چالاکییەکانی محەممەد سدیق کەبوودوەندی بە یاسایی ڕاگەیاند و سەپاندنی حوکمی ١٠ زیندانی بە سەر ناوبراودا بە نایاسایی ڕاگەیاند.

محەممەد سدیق کەبوودوەند، ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری حەوتوونامەی "پیام مردم" و دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، مانگی پووشپەڕی ساڵی ٨٦ دەستبەسەر و دوای ماوەیەک زیندانی و دەستبەسەری، لە لایەن دەزگا قەزاییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە، سزای ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا.

## لێبووردنی نێونەتەوەیی: بەرپرسانی ئێران دەبێ وەڵامدەری یەک دەیە نادا پەروەری بەرانبەر کەبوودوەند بن

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی ئازادیی محەممەد سدیق کەبوودوەندی پاش ١٠ ساڵ زیندانی کردنی ناوبراو بە "درەنگ" وەسف کرد.


پاش ئازاد کردنی محەممە سدیق کەبوودوەند چالاکی مافی مرۆڤ و دامەزرێنەری ناوەندی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان، "ماگدالێنا مەغربی" جێگری بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و باکووری ئافریقای ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕایگەیاند: ئازاد کردنی محەممەد سدیق کەبوودوەند پاش ١٠ ساڵ لە زیندانی کردنی نادادپەروەرانەی، "درەنگە" و ناوبراو بە پێی تاوانە دروست کراوەکان بە زیندان مەحکووم کراوە و جێی داخە کە محەممەد سدیق کەبوودوەند یەک دەیە لە ژیانی خۆی لە زینداندا تێپەڕێنێت.

جێگری بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵات و باکووری ئافریقای لێبووردنی نێونەتەوەیی، ئەوەشی خستەڕوو: "دۆسیەی کەبوودوەند جارێکی دیکە نیشانی دا هەتا چ ڕادەیەک بەرپرسانی ئێرانی ئامادەن مافی دادکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەوانان پێشێل بکەن و چالاکییە ڕەواکانی ئەوان "تاوانکارانە" لەقەڵەم بدەن.

ماگدالێنا مەغربی ڕایگەیاند: بەرپرسانی ئێران دەبێ وەڵامدەری یەک دەیە نادادپەروەری بەرانبەر محەممەد سدیق کەبوودوەند بن، و لە یەکەم هەنگاودا بەرپرسانی حکوومەتی دەبێ حوکمی مەحکووم کردنی کەبوودوەند هەڵبوەشێننەوە و دڵنیایی ئەوەی پێی بدەن کە کەبوودوەند بتوانێت درێژە بە کار و چالاکی لە بواری مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەوانیی خویدا بدات.

ناوبراو لە کۆتاییدا پێداگری لە سەر ئەوە کردەوە کە؛ "بەرپرسانی ئێرانی دەبێ کۆتایی بە ئازار و ڕاوەدوونانی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەوانان بهێنن و سەرجەمی زیندانیانی عەقیدەتی دەستبەجێ بە بێ هیچ مەرجێک ئازاد بکەن".

ڕۆژی هەینی ٢٢ی بانەمەڕ، محەممەد سدیق کەبوودوەند، دامەزرێنەری ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان، پاش ١٠ ساڵ دەستبەسەری لە ئازاد کرا.



## ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەیوەندی لەگەڵ سەرکوت و ئازاری قەزایی چالاکانی کرێکاری دژکردەوەی لە خۆی پیشان دا

زۆربوونی سەرکوت و گوشار بۆ سەر چالاکانی کرێکاری و پێشێل کردنی مافی سەرەتایی کرێکاران لە لایەن ناوەندە یاسادانەرەکانی دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، ناوەندەکانی مافی مرۆڤی ناچار کرد هانا بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرن.

بەرنامەی چاوەدێری بۆ پشتیوانی لە داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ئێران، لە ڕاپۆرتێکی هاوبەشدا داوایان لە کارناسانی تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە بە ڕوونی "بارودۆخی مەترسیداری چالاکانی سەندیکایی و مافی کرێکاران لە ئێران" لەبەرچاو بگرن و داوا لە بەرپرسانی حکوومەتی ئێران بکەن هەتا "دەست لە سەرکوت و ئازار و ئەزیەتی قەزایی چالاکانی کرێکاری هەڵبگرن و ڕێز لە مافی کرێکاران بگرن".

ئەو دوو ناوەندە مافی مرۆییە هەروەها ڕایانگەیاندووە کە؛ ژمارەیەک لە چالاکانی کرێکاری لە" حەبسی خۆسەرانەدا" بەسەردەبەن، یان بە هۆی "کەڵک وەرگرتنی ئاشتیخوازنە لە مافی ئازادیی کۆبوونەوە، ئازادیی دامەزراندنی ڕێکخراوەیی و ئازادی بیروڕا، دەکەونە بەر ئازاری قەزایی".

ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشە ڕوو لە "ئانالیزا کیامپی"، "مێشل فۆرست"، "دەیوید کی" و "عاسیمە جەهانگیر"، ڕاپۆرتنێرانی تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ئازادیی کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکان، دۆخی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، پەرەپێدان و پاراستنی ئازادی ڕادەربڕین و دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و هەروەها ئەندامانی گرووپی لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی زیندانی کردنی خۆسەرانە نووسراوە.

## ئیتلاعاتی شاری شنۆ لاوێکی ئەو شارەیان بە تۆمەتی "ئەمنیەتی" دەستبەسەر کرد



هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری شنۆ لاوێکی خەڵکی ئەو شارەیان دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواست.

ئاژانسی کوردپا ئاشکرای کردووە کە؛ لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، هێزە ئیتلاعاتییەکان لە شاری شنۆ بەبێ بەڵگەی یاسایی چوونەتە سەر ماڵی هاووڵاتییەکی کورد و لاوێکی کوردیان لەو شارە دەستبەسەر کرد.

هەواڵنێری کوردپا لە شاری شنۆ شوناسی ئەو لاوە کوردەی بە "فاروق شاروێرانی" کوڕی ئەحمەد ڕاگەیاند.

بەپێی هەواڵی ئەو سەرچاوەیە، ئەو لاوە کوردە بە تۆمەتی "چالاکیی سیاسی" و "هەوڵدان دژی ئەمنیەتی نەتەوەیی لە ڕێگای هاوکاریی یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران" لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کرا.

هەتا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لە چارەنووسی ئەو لاوە کوردە هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە.

بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئاماری هەواڵدەریی کوردپا، لە سەرەتای ساڵی زایینی (٢٠١٧) هەتا ١٠ مانگی مەی، ٢٠٧ هاووڵاتیی کورد بە تۆمەتی جۆراوجۆر لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە کوردستان دەستبەسەر کراون.

لە ڕەوتی دەستبەسەر کرانی ئەو ٢٠٧ هاووڵاتییە کوردە لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە چارەنووس و شوێنی ڕاگرتنی ٩٧ کەسیان ناڕوونە و ماڵی ٩ کەسیان لە کاتی دەستبەسەر کردندا پشکێنراوە و کەرەستەی شەخسیی ١٥ هاووڵاتیی دەستی بە سەردا گیراوە و ١٧ کەسی دیکەیان لە کاتی دەستبەسەرکردندا لە لایەن مەئموورانی ئەمنیەتییەوە لێیان دراوە.